

# ناونیشان و دەق

دیار لەتیف

خانی

ناونیشان و دەق | خانی | دیار لەتیف



Nawnisan
u
Deq

Diyar letif

خانی

ISBN:978-622-6274-68-5
9 786226 274685

# ناونیشان و دەق

دیار لەتیف

ناوی کتێب: ناونیشان و دەق
ناوی نووسەر: دیار لەتیف
بابەت: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
پیتچنین: نووسەر
پێداچوونەوە: پێشەوا کاکەیی
ڕووبەرگ:
چاپخانە:
نۆبەتی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٠
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٢٥٠٠ دینار
ژمارەی ڕێپێدراو: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە ( )ی ساڵی ( )ی پێ دراوە.

# ستراتیژی ناونیشان و پاش نەتەوەگەری

# لە ئەدەبیاتی سەباح ڕەنجدەردا

## دەق تەوەریی:

زمان کەرەستەی گەورەی فاشیزمە، با جیاوازی بکەین لە نێوان زمانی پیس و ڕەخنە و تەنزگەرایی. جۆرە ڕەخنەگرانێک هەن، کە زمانی سووکایەتی بە ڕەخنەسازی تێگەشتوون، لەکاتێکدا نەک بەلای شیکاری دەقدا ناچن، بەڵکوو کەسایەتی نووسەر دەکەنە ئامانج. ئەمە بۆخۆی ڕەنگێکیترە لە بەرهەمهێنانەوەی فاشییەت. دیاردەی گەندەڵی وەک شارچێتی و حیزبایەتی و پیڕچییەتی لە ڕووخسارە بەرچاوەکانی کایەی ئەدەبیاتی ڕەخنەی کوردییە.

ئەوەی ئەدەبیاتمان لە دەرەوە ئاوها هەژارانە پێشوازی لێ دەکرێت، هۆکەی لە خاڵێک زیاترە، بەڵام زەقترین خاڵی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی و کەمایەتی و نەداریی بواری ڕەخنەیی. ڕەخنە بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی هێما نادیارەکان و شیتاڵکردنە، نەک گورز وەشاندن لە کەسایەتی و کەسایەتی بە ئامانج گرتن. هاوکات ڕوونکاری هەقیقەتە ئاڵۆزەکانە و گەیەنەری پەیامێکی دژوارە. پەردە هەڵماڵینە

لەسەر سەختی ئاماژە پەنهانەکانی ناو دەق، ڕەوینەوەی تەمی سەر دەقە، هەڵوەشاندنەوەی پانتاییە نادیار و نارۆشنەکانە. گرنگی ڕەخنە لەوەدایە بێلایەنی خۆی بپارێزێت و نەچێتە هیچ بەرەیەکەوە.

هەرە گرنگترین بنەمایەک لە بنەماکانی ڕەخنە، خۆ دوورگرتنێتی لە سۆز و بەرژەوەندی. هەموو دەقێک بۆ ئەوەی گەشە بکات، پێویستی بە ڕەخنەیە، بەو ڕووناکییەیە، کە تاریکی دەق دەڕەوێنێتەوە. (سەباح ڕەنجدەر) ئەو شاعیرەیە، کە خاوەن مۆرکی خۆبوونی خۆیەتی، بە فەرامۆشکردن و پەراوێزخستنی ئەزموونی ئەدەبیاتی، کایەی ڕەخنە ڕووبەڕووی کەموکورتیی زانستی دەبێتەوە. (ڕەنجدەر) وێستگەیەکی ڕۆشنە لەناو ئەدەبی کوردیدا. لای ئەم هۆزانڤانە، شیعر پەڕینەوەیە بۆ ناوخۆ، خودێتی، بۆ خانەی بێگەردی. هەندێجار هێندە دەستگرتووە، تەنانەت بازدەداتە ناو پەڕناسییەتەوە و ئەم خۆتەرخانکردنە بەرەو هەنگاونان بۆ جوانی پەتی دەبات. ڕەنجدەری شاعیر، ڕێزیگرتووە لە وشە و لە زمان و لە جوانی و لە هونەرکاریی شیعریی.

## ڕاڤەخوازیی شیعر:

ئایا ئەگەر دەسەڵاتی زمان لە شیعر دابڕین، ئەوکات هێزی ئەفراندن لەناو پێگەی دەقدا چی بەسەر دێت؟

زمان کەرەستەیەکی شیعرییە، بەهۆی زمانەوە دەتوانین دەق بەرەو ئاستەکانی (خراپ، باش، باڵا) ببەین. زمان لە شیعردا جگە لەوەی هۆکارە، ئامانجیشە. شاعیر هەوڵدەدات توانا و لێهاتوویی خۆی لە جوانکاری وشەکان و یاریکردن بە وشەکان و بەکارهێنانی زمانێکی تایبەت بەخۆی، هەروەها پڕ وشە و خەیاڵی فراوان و هێما و وێنەی شیعریی و ئیدیۆم نیشان بدات، کە دەبێتە ئامانجی شاعیر. بەهۆی کارامەیی و شارەزابوون بە زمانی ڕەسەنی نەتەوە و ئاگاداربوون لە ئیدیۆم و فۆلکلۆر و هەبوونی ئەندێشەیەکی بەرینی شیعریی و پاشخانێکی ئەدەبی و فیکری، دەتوانین زمان لە ئاستی بەراییەوە بۆ ئاستێکی بەرزی شیعریی ببەین. دەبێت بەئاگابین لەوەی هەندێک چەمک و وشە و زاراوەی ناو یەکەکانی زمان، ناتوانن ببنە کەرەستەی شیعریی، ئەمەش بەوپێیە نییە، کە فەرهەنگێکی سنووردار بۆ شیعر درووست بکەین.

وێنه بڕبڕەی پشتی شیعره، گرنگه بایەخ به وێنەی شیعریی بدەین. لەبەر گرنگی وێنه، جاحز له کتێبی (الحیوان)دا دەربارەی ئەم ڕەگەزە دەنووسێت: (شیعر دارشتنێکی تایبەتییه و جۆرێکه له وێنەکێشان.) بەهۆی گەڕان و بینینی شوێن و ئاخێزگەی جیاواز و کولتوور و هزرین و شارستانی جودا و فیلم و تابلۆوه ئەمه به دیدێت. شیعر داگیرساندنەوەی ڕۆشنایی پرسیار و جوانییه، به گەڕان و وردبوونەوە، خەیاڵاندن، خوێندنەوە، لایەنه ژێربێژی و ڕەوانبێژییەکان گەشه دەکات. شیعر کارکردنێکی ڕاستەقینەیه لەناو بوون، گەمه و ژیانکردنه لەگەڵ زمان. ئەگەر بێت و شیعر بناسێنین، ئەوە دەکرێت بنووسین: زیندووکردنەوەی بەهای مرۆڤانەیه.

شیعر ناتوانێت هەموو بابەتێک باس بکات، چونکه زمانی شیعر مەجازه، مەجازیش وادەکات شیعر نەتوانێت به ئازادانه قسەی خۆی بۆ هەموو شتێک هەبێت. مەبەستم نییه مۆڵکی مەجاز له شیعر وەربگرمەوە، ئەگەر کارێکی وامانکرد ئەوا کۆڵکەیەکی بڕبڕەییمان له شیعر هێناوەته خوارەوە. بەڵکوو دەمەوێت ڕایبگەیەنم، که مەجاز نەبرێته سەرەوەی هونەرەکانی تری شیعر و هاوسەنگییەک له نێوانیاندا

چێبکرێت. شیعر بە بەراورد بە ڕۆمان و چیرۆک، مەودایەکی ئازادانە و بەرینتری بۆ گوتن پێ نییە.

هەرچۆن بێت شیعر ناتوانێت پەنا بباتە بەر گێڕانەوەیەکی پەخشانیی نا شیعرییەت، ئەمە بۆ چیرۆک و ڕۆمان دەستدەدات، بەڵام بۆ شیعر ناشێت و هاوکێشەکە لە شیعردا پێچەوانە دەبێتەوە. ئەمەش هۆکارەکەی لەوەدایە شیعر زادەی کورت و چڕییە، چ لە ڕووی وشە و چ لە ڕووی ڕستە و چ لە درێژەی داڕشتندا. دەقی شیعریی هەرچەندە هزر بەرهەمهێنەر بێت، هێشتا ناتوانێت پێبخاتە سنووری پەتیبوونەوە. شیعرییەتی ڕستە وادەکات شیعر بهزرێت، پاش شیعرییەتی ڕستە ئەوەی دێت فۆرمە، کەوا دەکات دەقی شیعریی هەناسە بدات، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو فۆرمێک ڕیتمێکی تێدایە، ئەوەش وشە دەیئافرێنێت.

شیعر پێش هەر شتێک لە بنەڕەتدا دەستبردنە بۆ یاساغەکان و گۆڕین و سڕینەوەی بنەمای یاساخکراو و حەڵاڵکراوەوە. شکاندنی سنووری پیرۆزییەکان و پیرۆزکراوەکانە، شۆڕشە بەسەر خود و کۆمەڵگەدا، گەڕانە بەدووی پرسیار و بەبێ بایەخدان بە وەڵامە ئامادەکان، سەرچڵییە بەناو زمان و زەماندا، هێڵنجدانە بەرانبەر بە

شــتەکان و مەلەکــردنە بە ئاڕاســتەی شوناســدا. شــیعر نە پێشکەوتنە و نە دواکەوتوویی، لە هەمانکاتدا هیچیان نییە.

شـــــیعری بـــــاش ئەو دەقەیە، کە لەبەردەم خۆیـــــدا ڕاماندەگرێت، دڵەکرمێمان دەکات و تووشی گێژاوی تێهزرین و ڕاوەستانمان لەژێر دووشی چێژ و ڕاماندا دەکات. هەموو شیعرێک چنراوێکی زمانەوانییە و خزمەت بە ڕستەسازیی زمان دەگەیەنێت. بەرانبەرکێی شیعری تازە ئەوەیە لە خودی خۆیەوە دەست پێدەکات، نەک دەوروبەر. هەردەقێک خاوەنی بیرکردنەوە و ڕێڕەوی شێوازی خۆی نەبوو، ئەوە دەقێکی نەخۆشە. شیعر پێش هەرشتێک نیگارێکی هونەریی دەنگدارە و دەستلەملانی ڕەنگە، وەکچۆن وشەش. شیعر لەیەککاتدا هەم مانابەخشینە بە ژیان و هەمیش بێمانا کردنی ژیانی باوە. شیعر چی شیعری کۆن یان تازە، خاوەنی دووجۆر فۆرمە، فۆرمی ناوەکی و فۆرمی دەرەکی.

**فۆرمی ناوەکی:** لەو جۆرەیە، تاوەکوو لێنزی نەخرێتەسەر بە ئاســانی نابینرێــت، ئەمجــۆرە فــۆرمە لە قــوڵاییی بونیــادی دەقەکەدایە. کەرەستەی درووستبوونی ئەم فۆرمە، لە لادانی زمانەوانی و یاریکردن بە وشە و وازیکردن بە ڕستە لەناو پێکهاتەی ڕستەسازی شیعریدا و هەروەها هاوئاهەنگی ناو

دێڕەکـان و شـیعرییەت و وێـنە و چنـین، لە خاسـییەتەکانی چێبوونی فۆرمی ناوەکین.

فـۆرمی نـاوەکی، شـاخوێنبەری دەمـاری دڵـی دەقە، هەم دەق و هەمـیش فـۆرمی دەرەکـی لە بەخشـندەیی فـۆرمی ناوەکییەوە سەرهەڵدەدەن. ئەمجۆرە لە فۆرم ڕۆحـی دەقە و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەی زمانی شیعریشدا هەیە.

**فۆرمی دەرەکی:** چەشتنی جیاوازی و بینینی فۆرمی نـاوەکی شـیعرە.. ڕەخسـاندنی نەخشـەیەکی نەسـواو و نابـاوی تـری دەقە و دوورگرتنێتی لە شێوازێکی کلێشەیی.

ئەوەی وادەکات شێوازێک لە شێوازێکی تر دڵخوازترمان بێـت، سیسـتمی داڕشـتنەوەی زمـانە لە دەقـدا، هەر ئەوەیە شێوازێک دڵگیر دەکات و شـێوازێکی تر نەخـوازراو. فۆرمی ناوخۆیی دەقی شیعریی، خەسڵەتێکی نابـاوی زمانە لە ئامـاژە ڕەوانبێژیی و زمانەوانییەکانەوە وزە وەردەگرێت و زمـان لە قاڵبی باوی ڕۆژانە لادەدات و فۆرمێکی تر و قۆنـاغێکی تـر لە زمان دەست پێ دەکات، کە بە زمانی دەق ناوزەند دەکرێت.

پاراستنی پێکهاتەی شیعر لە باڕووتی وشەی زیادە بەکارهاتوو و ڕستەی ناپێویست و ئامڕازە ڕێزمانییەکان دەق پاراوتر دەکات، ئەو ئامڕازانەی ئەگەر خواستی دەقیان تێدانەبێت، ئەوا جگە لە قەیران و پەڵە و کەمکردنەوەی بەهای جوانی و ڕێکی و پۆشتەیی دەق، هیچیتر بەرهەم ناهێنێت. ئەوەی ڕێگەنوێنە بۆ ئەوەی شێوازی شاعیرێک لە شاعیرێکی دیکە جودا بکەینەوە، هەر فۆرمی ناوەکییە. گرانی و سرکی فۆرمی دەق، دەگەڕێتەوە بۆ چۆنییەتی بەکارهێنانی ئامڕازە شیعرییەکان، هەمیشە ئەو فۆرمانە دڵخوازن، لە ناوەندان و زمان و وێنە و چێژ نادیدە ناکەن.

ڕوونی زمانی شیعر، هیچکات نیشانەی لاوازبوون ناگەیەنێت؛ ڕوونی زمانی دەق، ئەوەیە گرێ و ئاڵۆزکاندنی تێدانەبێت، هەرئەمەیە دەق جوان دەکات و بێزارکەر نەبێت.

بەشێک لە قەیرانی شیعری کوردی لەدوای هەفتاکانەوە، بۆ خۆ دووبارەکردنەوەی ناوەڕۆکی زمان دەگەڕێتەوە. زمانی شیعریی قۆناغی پێش هاتنی شاعیرانی هەفتاکان، لە دەربڕیندا زمانێکی بەرجەستە و ڕوون بووە. نەوەی دەیەی حەفتاکان زمانێکی هونەرییان بەکار هێناوە. وردتر بڕوانین شیعری کوردی لە قۆناغی دەیەی هەشتاکان، نەوەدەکان، بە دیاریکراوی نەوەدەکان، تا مەودایەکی بەرچاو تووشی

زمـانێکی ئەبسـتراکت و شـەتەحاتیانە لە دەربڕینـدا دەبێـتەوە، زمـانی شـیعریی بـازنەیەکی خـولاوەی هەنـدێکجار بێـزارکەر وێــنە دەکــات. شــیعری قۆنــاغی دەیەی هەشــتاکان و دوای ڕاپەڕیـن، فـۆرمی زمـان تـازە دەکەنەوە، ئەوەی مـافی خـۆی پێنادرێت ناوەڕۆکی زمانە، کەمتازۆر بەشێکی دیاری شیعری ئەو نەوەیە وەکوو دیـاردەیەک لە ڕووی نـاوەڕۆکی زمـانەوە لێکدەچن. جیاوازی زۆر لە نێوان فۆرمی زمـان و نـاوەڕۆکی زمانـدا هەیە، نـاوەڕۆکی زمـان لە کەرەسـتەی بەکارهـاتووی بەرەو بــــاوچوون و کرۆکـــی میتافیزیکـــانە و باســـکردن و دەســتبردن بـۆ بـابەتە واتـایی و ناواتـاییە بەرهەسـتەکان و وێنەسازی دەرەهەست پێکدێت.

گرفتـــی بەشـــێک لە شـــیعری کـــوردی بـــۆ دوولایەن دەگەڕێتەوە، هەم لەگەڵ کەرەسـتە بە شـیعریکراوەکان نـاژی و هەمیش زمان لە دەقدا یان لێڵە و مەیلی بولێڵی هەیە، یـان پوخت و خاو نەکراوەتەوە.

## له نێوان چەمکی شیعری نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا:

شیعری کوردی کەمتەرخەم نەبووە لە خزمەت بە بەها نەتەوەیەکەی. ڕۆژگارێکی زۆر، لە ڕیزی پێشەوەی بەرگری بووە، تەنانەت ئەمجۆرە لە بەرگری، زیانی خۆی بۆ سەر شیعرییەت و بەها مرۆیەکە هەبووە، بەڵام دۆخەکە ئەوەی ویستووە. شکستە سیاسی و سەربازییەکان پاڵنەری شیعر بوونە بۆ دانانی سەنگەر و بەرگری نەتەوەیانە. دوو دەیە بە دیاریکراوی (شەستەکان و هەفتاکان)ـی سەدەی بیستی ئەدەبی کوردی، کارگەی بەرهەمهێنانەوەی قۆناغی شیعری ناسیۆنالیستی بوون. زمانی ئەدەبیات لەو دوو دەیەیە، قەڵغانی ڕووبەڕووبوونەوە بووە. شاعیر لە شاخەوە وەک پێشمەرگەیەکی وێژەکار، پاسەوانی وشەی بەرگری بوونە. پاشان دەیەی هەشتاکان دەبێتە سەرەتایەکی تازە بۆ گۆڕانکاری شێوە و ناوەڕۆکی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی. چیدی ئەدیب کۆتەکان ڕەچاو ناکات و پابەندێتی دەشکێنێت و ئاسۆی وێژەی پابەندگەرا ڕوو لە کزی دەکات. شیعر بۆ هاوکێشەی خودی و بوونخوازی دەگەڕێتەوە، لەبری بەرگری، بەرەو جوانکاری و زمان و هونەرکاریی هەنگاو دەنێت. بە قوربانیکردنی ئەم ژانرەی ناوی شیعرە لە پێناو

بەها ناسیۆنالیستەکە نامێنێت. هەشتاکان بەتەواوی دەبێتە وەچەرخان، هاوکات ئاڵەنگاری سەپاندنی قۆناغەکەش. ئەمە بێ گرفت ناچێتە سەر، تووشی توانجی بێشومار دەبنەوە لە لایەن ناسیۆنالیست و ئەدیبانی کۆنەخوازەوە. بوژانەوەی قۆناغی ئەدەبی هەشتاکان، خەتکوژێنەرەوەی دوو دەیەی پێشووی خۆی بوو. شیعری ناسیۆنالیست بەرگریکردنە لە شوناس، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە پێڕەوی ڕەهەندەکانی جوانیناسی تێدا بکرێت.

لە دەیەی هەشتاکان، گرووپی پێشڕەو دێتە سەرهەڵدان، لە دیارترینی شاعیرەکانی (سەباح ڕەنجدەر)ـە. ڕەنجدەر، جوایەز لە دەیەی پێش خۆی، قاچی شیعری کوردی لە نەتەوەییبوونەوە بەرەو نێونەتەوەیی وەردەسوڕێنێت. کەشوهەوای ئەدەبیاتی ئەو هاوچوون نابێت و نییە لەگەڵ هاوسەردەمەکەی. دەستکاریی ڕووخسار و ناوەڕۆکی شیعر دەکات، چەشنەیەکی دیکە لە شیعر بەرهەم دەهێنێت. بە ڕێگای شاعیرانی پێشوودا ناچێت، دەبێتە خاوەن دەنگ و ڕەنگ و مۆرکی خۆبوون تۆمار دەکات. زمان پاکێتی و نا بارگاوییبوونی خۆی لە ئایدۆلۆژیا ڕادەگەیەنێت، پەنا دەباتە بەر بێگەردێتی و پاقژی لەپێناو شیعرویستانە. شیعری (ڕەنجدەر) جەماوەریی نییە، بە هۆکاری ئەوەی لە سادەیی و

سادەگۆیی و هەرزە بیریدا ناژی، بەڵکوو ڕایەڵە بە قووڵ ڕوانین و دوور مەودا نووسین و گرنگیدان بە ئەدەبێتی شیعر.

یەکێک لە گرفتەکان لە شیعری (ڕەنجدەر)دا ئەوەیە، بێ پێڕەوی خاڵبەندییە و هەندێکجار پۆلێن و بونیادی ڕێکخستنی دێڕ و کۆپلە لە بۆتەی خۆیدا نییە، کە ئەمە دەبێتە تێکدانی ڕەوڕەوەی خوێندنەوەی خوێنەر و بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئەرکی بەستنەوە و جۆشکاریی و گرێدانەوەی نێوان دێڕەکان دژوارییەک درووست دەکات.

شیعری (ڕەنجدەر) نەک بە تەنیا خاوەن زمان، بەڵکوو تێگەشتنێکی ئەبستراکتانەیە، پێرفۆرمانس نییە و درامی و ئیپیکییە. شیعری شاعیر لە نزمییەوە بۆ بەرزی دەفڕێت، نەک لە بڵندییەوە بۆ زەوین، هەرچەندە گرنگە شیعر پێی لە قوڕ و لیتەی زەوی دانەبڕێت و پەیام ئاڵۆز نەبێت. بونیادی شیعری ڕەنجدەر لەژێر هەژموونی فیکر و ڕیتم و جوانکاری و عیرفانێکی دەرە ئایینیدایە، مکوڕە لەسەر گەڕانەوەی شکۆ بۆ شیعر و کاریگەرە بە خەونی خولْقاندن لە شیعردا.

## ڕەگەزی ناونیشان:

ناونیشـــان و دەق دوانەیەکـــی لێکـــدانەبڕاون، هەردوولا یەکتـــر تەواودەکەن. دەق بە بـێ ناونیشـــان تەواوکـۆ نابێـت، هەروەها چەپەوانەکەشی. ناونیشـان پـوختکردنەوەی دەقە بـۆ وشـە یان گرێ یان ڕسـتەیەک، کەواتە ناونیشـان دەقێکیتـرە و لکاو بە ناولێنراوەوە.

ناونیشـــــان لە پـــــایە گرنگەکـــــانی ژیـــــانە، بـــــازاڕ و دامودەزگاکـــــان ســـــوودمەندی ســـــەرەکین لە تـــــابلۆ ناونیشـــانییەکان. ئەو تـــابلۆ ناونیشـــانانە، ڕۆڵـــی ناســـاندن دەگێـــڕن و تەنـــانەت ناونیشـــانە ئاماژەییەکـــانی بـــواری هاتووچۆش. تـابلۆ ئاماژەییەکانی هـاتووچۆ زمـانی نیشـانە و ناسـاندن و بەرچـاو ڕۆشـنییە. ئەمە دەبێـتە کارئاسـانکردنی لێخوڕەر و گەشتیاران، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان. بیـر بکەوە لەوەی ناونیشـانەکان نەبـن، شـار دەکەوێـتە چـی تەنـگەژە و دژواریـــیەکەوە. چـــاوی شـــارەکان، تـــابلۆ ناونیشـــانەکانن بە هەموو جۆرەکانییەوە.

ناونیشـــان ڕەگەز و پـــاژێکی پێویســـتی ئەدەبـــی و زانســـتییە، وەک جـــومگەیەک لەگەڵ دەق جمـــک دەبێـــتەوە. خەسڵەتمەندی خۆی هەیە و بایەخدارترینی بۆ جیاکردنەوەی دەقە لە ونبـوون و تـێکەڵ نەبـوون. دواتریـان سـوودێکە بـۆ برەوپێـــدان و هەوڵێکـــی بالگاشـــانەیە(ڕیکلام) بـــۆ دەق. ناونیشـان یـانی لە تـاریکییەوە بـۆ ڕۆشـنایی، ئەمە گرنگتـرین ئەرکێتی لە دەقدا.

ناونیشـان لە شـیعردا ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیە، ڕەگەزێکـی بنچینەیـیە و بە فەرامۆشـکردنی نـاتەواوی دەخـاتە بـۆتەی دەقەکەوە. بایەخی ناونیشان لای گۆڵدمان، وەکوو ((چراخانی دەقە)) و پاشان ناونیشان چڕکراوی واتای دەقە، ئەوەی دەق هەنـدێجار ماناکـانی خـۆی لیمـان دەشـارێتەوە، دەکرێـت لە ناونیشـــاندا بەدوایـــدا بگەڕێـــین. وەک وتمـــان ڕێکـــدەکەوێت ناونیشـان ئامـاژە شـاراوەکانی پشـتەوەی دەقمـان بـۆ ڕۆشـن بکـاتەوە و کۆدەکـانی بشـکێنێت. ناونیشـان پێشباسـی دەقە، یەکەمـین دەروازەیە بـۆ چـوونە ژوورەوە بەرەو دەق. جـۆرە ناونیشـانێک هەن ڕسـتەیین و مانـاگەیەنەر نـین، ئەمە پتـر لە شـیعری هـاوچەرخی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دەبینرێـت. ئەم جۆرە لە ناونیشـان، لاوازییەکەی لە دەسـتنەگرۆیی ئـابووری وشە و ئەویتریش نەک لە تێکشکاندنی بـاوێتی زمـان، بەڵکوو

لە پێنەدانـی تەزووی واتـایە بە وەرگـر. ئەم شـێوە ناونیشـانە بـارگرانیی دەقـن، نەبوونیـان شـتێکی وا زیـان لە دەق نـادەن. نابێـت ناونیشـان پارسـەنگیی جوانیسـازی و زمـانەوانی و ڕستەسـازییەکەی ناهاوتابێت. ناونیشـانی کرداریـی کەمتـر لە یادگەدا دەمێنێتەوە و مەغزا ئاشکراکەرە. هـاتنی فـەرمان واتـا ناونیشـانی فـەرمانیی و داخـوازی بـۆ نـاو ناونیشـان، دوورکەوتـنەوەیە لە چـڕی و سـفتی زمـانەوانی، زمـان کە خوڵقێنەری جوانیسازی و ژیربێژی و ڕەوانبێژییە.

شل و خاوێتی کردەی زمان، ڕەتاندنی خوێنەرە لە دەق، ناونیشـانیش بەشـێکە لە پێکهـاتەی سـازاندنی دەق. ناونیشـانە ڕسـتەیەکان لەکاتێکـدا سـەرکەوتوو دەبـن، کە ئـاوازیبن و تەبـایی و هاومانـاییەک لە نێـوان وشـەکاندا هەبێـت. ئەو جیـاوازییەی دەکەوێـتە نێـوان نـاوی کرداریـی و نـاوی تـاک وشـەیی، دەگەڕێـتەوە بـۆ خاڵگەلێـک لەوانە چێـژ و مانـا و جوانسازیی و سەرنجبەری. خوێنەر زێدەتر بەلای ناونیشـانە کـردارییە پرسـخوازەکاندا دەچێـت وەک لە تـاک وشـەیی. سـەرکەوتوویی ناونیشـانی تـاک وشـەیی لەکاتێکـدایە، کە بیژۆکـانە بێـت، ئەوەش بەو واتـایەی دەگـمەن و دانسـقە و پشتەکییەکی چیرۆکئامێزانەی هەبێت. ناونیشانی تاک وشـەیی ئەو کاتە ناگاتە یادگە و هەست و زەوقی خوێنەر، کە وشـەی

ناونیشــانەکە ســواو و بــاو بووبێــت. گەر بــڕوانین دەبینــین قورئان بەشـی زۆرینەی ناونیشـانەکانی تـاک وشـەیین، بەڵام لە بیرمانبێــت زۆربەی ناونیشــانەکان، ئامــاژەن بــۆ پــاژێکی چیرۆکی ناو دەقەکە. ناونیشان لە قورئاندا پشـت بە گێڕانەوە دەبەستێت، گێڕانەوە دەکاتە خاڵی دەستپێک.

لەگەڵ ئەوەشــدا قورئــان داهێــنەری ناونیشــانی پیتیــیە. ئەرکـی ناونیشــان لە قورئانــدا ئەوەیە هەڵتــداتە نــاو پانتــایی دەقەوە، پەلکێشی خوێدنەوەت بکات، بە جۆرێک وەک تەلیسم لە وەرگر. ناونیشـانی تـاک وشـەیی لە سـادەترین پێناسـەیدا دەتــوانین بڵێــین: دالێکــی ناپەســنیی مەدلــوول گشــتێنراوی کۆخوازە، وەک ئەوەی لە ناونیشانی گرێیدا ئامادەیی هەیە.

لە قورئانــدا (١١٤) ناونیشــان هــاتوون، هەرناونیشــانێک لەگەڵ دابەزینـی ئـایەت و تەواوبـوونی سـووڕەتەکە، فەرمـانی دانــان و دەستنیشــانکردنی ناونیشــانەکەی دەرکــراوە. لەو سەدوچواردە ناونیشانە سەربەخۆیانە، سەدوسیازدەیان تـاک وشــەیین، تەنیــا ناونیشــانێک بە گــرێ هــاتووە، ئەویــش ناونیشانی (ال عمران)ـە، کە دەکاتە (خانەوادەی عیمران.) لە قورئانــدا ناونیشــانەکان بەپێــی نــاوەڕۆک دیــاریکراوە و هەڵبژێردراوە.

ناوەڕۆک باسی لەهەر ڕووداو یان چیرۆک یان شوێن یان کەسایەتییەک کردبێت، ئەوا ناونیشانەکەش ڕەنگدانەوەی کڕۆکی باسلێکراو بووە. نموونەمان بۆ ئەم سەرنجە ئەم ناونیشانانەیە: ( الانفال، النمل، نوح، الکهف، العنکبوت، النحل، الشعراء.)

جگە لەمانە ناونیشانەکانی ( طه، ق، ص، یس،) جۆرەکانیان بە ناونیشانی پیتیی ناوزەند دەکرێت. ئەمجۆرە ناونیشانانە ئاڵۆزن، ئاماژە بە هیچ ڕووداو یان چیرۆکێک نادەن. ناڕوونن و خزمەتێکی جوانکاری بە ناوەڕۆکی سوورەتەکە نابەخشن، ئاسانکاری بۆ خوێنەر ناکەن و شیکاری ناوەڕۆک ناخەنە بەرباس، تەنیا ئەوەیە بەرەو ڕامان و پرس و وردبوونەوەت دەبەن. وەک ئەوەی کۆدەنگییەک هەیە لەسەر ئەوەی ئەم پیتانە بۆ بەرانبەرکێ و بەزاندنی لاسایکەرانەیە، ئەمەش وەک ئایەت، ئایەتێکی سەربەخۆ، نەک ناونیشان. هاتنی ئەم پیتانە وەک سەردێڕ و مانشێتی سوورەتەکان، ئەوەمان بیر دەهێنێتەوە، کە هەموو وشەیەک لە پیت درووست بووە، پیتەکان دایکی وشەن، وشە کاتی گەردانکردنی دەچێتەوە سەر بنچینەکەی، کە پیتە. بۆیە دەکرێت پەندی هاتنی ئەم پیتانە و هەڵبژاردنی وەک

ناونیشان، ئاماژەبێت بۆ ئەوەی هیچ شتێک نییە بەدەر بێت لە بنەڕەت.

ناونیشـــانە تـــاک وشـــەییەکانی قورئـــان، دوورن لە کەمـــایەتی، ئەمەش بە هۆکـــاری ئەوەی ڕاتدەکێشـــن و دەتجـوولێنن بەرەو دەق، نابـاون، چیـرۆکین، سـەرنجبەر و ڕامـــانخوازن. ئەم هۆکـــارانەن وادەکەن بە ناونیشـــانی سـەرکەوتوو ناوزەنـدی بکەیـن. لێـرەوە دەگەڕێیـنەوە سـەر ناونیشان لای (سەباح ڕەنجدەر) و سەرجەم ناونیشانی کتێب و دەقەکـان دەخەیـنە بەرباسـی شـیکار و ڕاڤە، لە دوو بەرگ، کە دەکاتە دە کتێبی شیعری و لێی دەکۆڵینەوە.

## یەکەم: زێوان

زێوان، ناونیشانی کتێبە شیعرییەکەیە، دەقەکان بە ژمارە هـاتوون، کـۆمەڵە شـیعری (زێـوان،) چـامەیەکی دابەشـکراوە بەسـەر ژمـارەدا. زێـوان، ناونیشـانێکی تـاک وشـەییە و لە جۆری گڕە دەنگەکانە و وشەیەکی کەم بەکارهـاتووە. زێوان، بە مانای پاسەوانی گۆڕسـتان دێت و ئەم ناونیشـانە کیمیـای وشەسازی کرابا، هونەریتر دەبوو، وەک لەوەی تاک وشـەیی

بێــت. لە ڕووی ســـازان لەگەڵ نـــاوەڕۆک، پڕاوپـــڕ تەبـــا و خۆگونجێنە، لەناو چامەکەدا ڕاستەوخۆ خۆی بەیان ناکات، ئەم ناونیشــانە دەکرێـت بە هۆکـاری نـامۆبوونی وشــەکە و هاوڕایەڵی لەگەڵ ناواخنی دەق، کەمتر خاڵی لاوازی خۆیمان پیشان بدات، بەڵام هونەری نییە و ئارەزووبەر نییە.

**دووەم: ڕووەکەکانی خواوەند**

ڕووەکەکانی خواوەند، ئەمە ناونیشانی کتێبەکەیە و یەک لەو ناونیشـانە نوێگەر و مەیلخـوازانەیە، بە زوویـی بەردەنـگ ڕادەکێشـێت و ڕامـان چڕ دەکـاتەوە بۆ چوونە ژووری دەق. ناونیشـــانێکی ورد و قـــووڵ و فانتـــازییە، جـــگە لە ڕەهەنـــدە ئەفســـانەگەرییەکەی، هاوئاســـتیش پـــڕە لە وزەی هـــونەری. ڕاڤەی ناونیشـانەکە بە ئامـاژەیەک لە ئاماژەکـان، دەمانبـاتەوە ســـەر ڕووەکە خوڵقێنراوەکـــانی پـــێش هەبـــوون، هەبـــوونی مرۆڤ لە دەرەکات.

گەڕانەوەیە بـــۆ ڕووەکێـــک، کە سروشـــت لەگەڵ زادەی مرۆڤ چاندی و بووە هۆکاری بەردەوامـی ژیـان. ناونیشـانی دەقەکـان واهـاتووە (ســزای هەمیشــەیی، جەنگـی پرســیار،

مەرگــی ئــاوێنە، ڕێزمــانی کۆڵانەکــان، خەونــی خــودایی.) هەریەک لەو ناونیشـــانانە گـــرێین و پابەنـــدی پێـــوەرە دڵخوازەکـــانی ڕەگەزی ناونیشـــانن. جـــگە لەوەی هەردوو ناونیشانی (ڕێزمانی کۆڵانەکان، خەونی خودایی،) تەکنیکێکی بەرزی تێدا بەکار هێنراوە. ناونیشانی ڕێزمانی کۆڵانەکان، کە ناونیشانی سەرەکیی دەقەکەیە، لەژێر سێ ناونیشانی دیکەدا لەگەڵ دەقەکان هاتوون، وەک (کۆڵانەکانی زەوی، کۆڵانەکانی ئاسمان، کۆڵانەکانی ئاو.) ناونیشانی (خەونی خودایی)ـیش، بەهەمانشـێوە خـاوەن سـێ ناونیشـانە، نمـوونەی (خەونـی سروشت، خەونی زیندوان، خەونی مردوان.) ئەمە تازەگەری و ئافرانـدنە، جیاوازکـارییە، جـوانی بەخشـە و هاوکـات لەزەتبەخشـن. هەریەک لەو ناونیشـانانە دەچـنەوە تەوەری ناونیشانە سەرەکییەکە و مۆسیقیشن.

### سێیەم: خەون وا خۆی گێڕایەوە

خەون وا خـــۆی گێـــڕایەوە، کە دەکـــاتە ناونیشـــانی ڕووبەرگ، کـــاری ڕابـــردووە، پەیوەنـــدی خەونە لەگەڵ خۆبەیـانکردن. ناونیشـانی دەقەکـان (سـرووش، بلـیمەت، پێغەمبەر،) تەنیا دەقی سرووش تـاک وشـەییە، ئەوانیتر وەک

(بلـــیمەت، پێغەمـــبەر،) هەریەکە و بە چەنـــد ناونیشـــانێک دەقەکەیـــان تەواوکـــردووە، نمـــوونەی ئەوەش ناونیشـــانی بلیمەت خاوەن دوو ناونیشانی دیکەیە بە ناوەکانی (ئـاوێنەی یەکەمـی سـرووش، ئـاوێنەی دووەمـی سـرووش،) هاوکـات هەریەکەیان دوو جار پات بووەتەوە. بۆ ناونیشانی پێغەمبەر، تـازەگەری نـا، بەڵکوو نابـاوییەکەی لەوەدایە، لە جۆری پیـت هـاتووە، ئەمە وایکـردووە جیـاواز خۆبنوێنێت، بەڵام ڕیشـەی بـۆ کلاسـیک دەگەڕێـتەوە و بە شـێوەیەک لە دەسـتکاری و داڕشـتنەوە، بە هـاتنی ناونیشـانی سـەرەکی و شـا ناونیشـان، ڕەنگێکیتر بێت لە شێوەی ناونیشان.

## چوارەم: شەڕی چل ساڵە

شەڕی چل ساڵە، ئەمە ناونیشانی کتێبەکەیە، بە جۆرێک لە جۆرەکان پەنهانییەکی تێدایە، بە هۆکاری ژمارە هاتووەکە. ڕەنـــگە ئەو شـــەڕە جەنگێکـــی کەتـــواریی بێـــت، هەمانکـــات خەیـاڵییش. دەکرێـت ئەو شـەڕە بە شـێوەیەکی دەروونـی و جەنگی سارد بێت، یان ڕووبەڕووبوونەوەی سـەربازی؛ بەڵام دەشـــکرێت ئەزمـــوونی چـــل ســـاڵ کـــارکردنی شـــاعیریش

مەبەست هاتبێت. ناونیشانی دەقەکانی کتێبی (شەڕی چل ساڵە،) لە ڕووی شێوەگەرییەوە تازەخوازە، بەڵام مەرج نییە ئاستە وێژەییەکەی بڵندبێت، هاوکات هەندێ جار تەنیا بایەخدان بە شێواز، زیانە بۆ پەیام و مانا، هەرچەندە ئەم ناونیشانە ئاوڕی لە گشت داوەتەوە و شێوازیشی فەرامۆش نەکردووە.

ناونیشانی دەقەکان، (ئەلف و بێ، مانگەکان، کەلووەکان، ئاسمانییەکان، هەفتە، قۆناغەکان...) ناونیشانی دیکە هاوشانی دەقەکان هاتوون. لە ناونیشانی ئەلف و بێ، بایەخی زۆرتر بە شێواز دراوە، لەگەڵ ئەوەی لاواز دەردەکەون. لە ناونیشانی مانگەکان، هەم هونەرییە و هەمیش نادیارییەک لە خۆدا حەشار دەدات، وەک (شوبات لەگەڵ نەزانین) بەو شێوەیە هاتووە و ناونیشانەکانی دیکەشی بەمجۆرەیە. بە هەمانشێوە بۆ ناونیشانەکانی کەلووەکان، هاوشێوەی مانگەکان، پەیڕەوی لە تازەگەری و شێواز و هونەریبوون کردووە و سەرکەوتووانەیە. ناونیشانی ئاسمانییەکانیش، هەمان تەکنیکە و ناونیشانی هەفتەش، سەرجەم ڕۆژەکان تێیدا تۆمارکراوە و دڵخوازانەیە. سەرجەم ناونیشانەکانی دیکەش ئاوها هاتوون، ئەم کارە لەناو ئەدەبی کوردیدا نەکراوە و ڕەنجدەر بە داهێنەری ئەم ستایلە دەناسێنین.

## پێنجەم: مردوویەک ئاگای لە هەموانە

مردوویەک ئاگای لە هەموانە، ناسنامەی کتێبە شیعرییەکەیە، ئەم ناونیشانە دوو ئاماژەی مانایی لە خۆ دەگرێت؛

## یەکەم: ئاماژەی واتایی (مردوویەک)

ئاماژەی واتایی مردوویەک، کە لێرەدا دەستنیشانی تاکە کەسێکە و ناساندوویەتی، دەکرێت مەبەست لە مردووی مرۆڤێک هاتبێت.

ئەوەی لە کەلەپووری ئیسلامیدا باوە و هەیە، کە مرۆڤ مرد ڕۆح بەرزدەبێتە بۆ سەرەوە و جەستە دەپووکێتەوە، دواتر ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرم و بەڕێکردنییەتی بەرەو گۆڕستان؛ بەڵام ڕوانگە زیندەوەرزانییەکە پێماندەڵێت: پاش لە دەستدانی ئاگایی و ڕۆح، لەش دەچێتە سووڕی لەناوچوون و خانەکانی لەش دەفەوتێن و وزە کارەبابییەکەی لەش دەوەستێت و شتێک نامێنێت بەناوی ئاگامەندی مێشک و جووڵە. ئەم ناونیشانە هاوکات سوودمەندبووە لە چیرۆکە ئایینییەکە و لە ڕووی ئەدەبییەوە جوانی و سەرنجبەری و

ئەدایەکی مۆسیقی تێدایە. شاعیر توانیویەتی چیرۆکەکە بە شێوەیەکی ئەرێیانە دابڕێژێتەوە.

**دووەم: ئاماژەی واتایی (مردوویەک)**

مەبەست لە چاخی تازە و شارستانییەتی نویَ و پۆست مۆدێرنەی ژیانی گۆڕاو بە ئامێر بێت. ئەگەر هەیە ئەم ناونیشانە سوودی لەو دەستەواژەی نیچە وەرگرتبێت، کە دەڵێت: (خودا مردا!)

خودا چوێنراوبێ بە مردوو، بەڵام هێشتا لە زەوی و ئاسمانەکان و گەردوون و ئەوەشی، کە لەنێویدایە هەبێت، کەچی دەسەڵاتی لیَ وەرگیرابێتەوە، یانژی دوور لە بەکارهێنانی هەردەسەڵاتێکی بڕیاردان. تازەگەری بانگەشەی دەرکردنی دەسەڵاتی ئایینە لە دەرفەتەکانی ژیان. ئەم دوو ئاماژە، ڕاڤەیەکی نزیککراون لە مەبەستی شاعیرەوە. ناونیشانی دەقەکان وەک (تاج سەر گران دەکات،-زمان و دڵی مانگ، ڕێوڕەسمی کردنەوەی پەیکەرێک، ڕژانی موورووی بەخت، کووپە لە مێوانداریی ماسیدا، سووڕی پاراوبوونی بۆن، ئاهەنگی ناولێنانی درەختێک.)

هەریەک لەم ناونیشانانە، هەست بە پۆلێنکاری و وردەکاری و کارسازی تێیدا دەکرێت، وەک ئەوەی بە بەرنامەیەکی تۆکمەوە ئیشی لەسەر کرابێت، هەموو ناونیشانەکان سێ وشەیین. ئاوازدارن و چێژبەخش، کار دەکاتە سەر وەرگر بۆ خوێندنەوەی و دەبێتە دەروازەی پێشوازیکردن لە دەقەکان، جگە لەوەی پاراون و هونەرین، دەتوانین بە ئاسانی ڕایەڵەکانی داهێنان لە ڕەگەزی ناولێنانی دەق ببینین. ناونیشانەکان گوزارشتکەر و پردی پەڕینەوەن.

**شەشەم: سەدویەکشەوە**

سەدویەکشەوە؛ ناونیشانی کتێبەکەیە و لە سەدویەک ناونیشان و دەق پێکهاتووە. تەنیا چوار ناونیشانی تاک وشەیی نین، ئەوانیتر هەمووی تاک وشەیین.

(گوڵی فریو، قەتماغە ناگرتن، پاککردنەوە، کێڵگەی بەهرە،) دوو لە چوار ناونیشانە: گوڵی فریو، کێڵگەی بەهرە، ناونیشانی گرێیین؛ دوانەکەی دیکەیان: قەتماغە نەگرتن، پاککردنەوە، ناونیشانی کرداریین و بکەریان نادیارە. ناونیشانی سەدویەکشەوە، لە سەرەتاوە بە ڕوونی

دەردەکەوێـــت لەژێـــر کـــاریگەری ناونیشـــانی حیکـــایەتی (هەزارویەکشەوە)ـــدایە و لەو ئاڕاســـتەوە ئەم ناونیشـــانە درووست بووە.

دەکرێـت بڵێـین سەدویەکشـەوە، ناونیشـانێکە خـوێنەر دەباتەوە لای بیرکردنەوە لە ناونیشانی هەزارویەکشـەوە؛ ئەم پاتەکردنەوەیە لە چێژ و داهێنانی دەهێنێتە خوار.

سەرجەم ناونیشانی دەقەکان جگە لەو چوار ناونیشانە، تـاک وشـەیین؛ لە هەمانکاتـدا ناونیشـان لەنـاو دەقەکەدا ئاماژەی پێدراوە. ئەمە لەو ڕووەوە گرفتسازە، ئەم پەیڕەوە لە قورئانـدا بەو شـێوەیە هـاتووە و سـوورەتەکان ئامـاژە پێـدەری ناونیشـانەکەن لەسـاتی گێـڕانەوەدا. بـۆ سـەردەمی قورئـان جۆرێـک لە داهێنـان دەکەوێـتەوە، بەڵام بـۆ بـابەتی ناونیشـانی زۆرینـەی دەقەکـانی سەدویەکشـەوە، کە ئامـاژە پێدانی ناونیشان لە ناوەڕۆکدا، دەبێتە لاسایکردنەوەی هێڵـی ناونیشان لە قورئاندا و هاوکات خۆ دووبارەکردنەوەش.

سەرجەم ناونیشانەکان جگە لە ناونیشانەکانی (گریان، ژمـــاردن،-مەلەوانـــی، گەردوون،-خۆکوشـــتن، قەقـــنەس، بەرزبـــوونەوە، واقورمـــان، حەســـانەوە،-مـــۆتەکە، ویســـت؛) خۆیـــان لە نـــاوەڕۆکی دەقـــدا دووبـــارە نەکـــردووەتەوە و

نەهاتوون، ئەگینا تەواوی ناونیشانەکانی تری کتێبی سەدویەکشەوە، لەناو دەقەکەدا هاتوون و ئاماژەیان پێدراون. ئەمەش بووەتە خاڵی لاوازی ناونیشانەکان و سەرکەوتووش نین لە ڕووەکانی وشەناسی و ئاوازداری و هێماسازی و خەیاڵ و وێنەکارییەوە، لەگەڵ ئەوەی کپن و خوێنەر ڕاناکێشن.

**حەوتەم: ساڵی سفر**

ساڵی سفر؛ ناونیشانی کتێبەکەیە و جۆرەکەی گرێییە و سەرتاپای دەقەکان لەبری ناونیشان بە ژمارە هاتوون. ئەم دانان و هەڵبژاردنی ژمارە بۆ دەق، هەبووە، تەنانەت ڕەگەکەی بۆ ناو شیعری کلاسیک دەگەڕێتەوە، لە شیعری کلاسیکدا لەبری ژمارە، پیتی ئەبجەدی بەکارهاتووە لە نموونەی (ئەلف، با، دال.)

ناونیشانی کتێبەکە: ساڵی سفر، بونیاد و ڕستەسازییەکەی وەرگیراوە لەو قسە باوەی سەرزاری خەڵک، کە دەگوترێ: (دەقەی سفر – سەعاتی سفر.)

باشی ئەمجۆرە لە وەرگرتن و کاریگەرییە لەوەدایە، کە ناونیشانەکە بە نووسراو نییە و نەبووەتە ناونیشانی کتێبێکی دیاریکراو، بەڵکوو بە شێوەی زارەکی و میللی لەناو خەڵکدا بەکار دەهێنرێت. ساڵی سفر، ناونیشانێکی جوانپەروەرە و تەرزێک لە پەنهانی لە هەناویدایە. هەم وێکدێتەوە لەگەڵ ناوەڕۆک، هەمتریش لە یادگەی خوێنەر هەرس دەبێت و دەمێنێتەوە.

**هەشتەم: سروودی زەوی**

سروودی زەوی؛ ناونیشانی ڕووبەرگی کتێبەکەیە و یەکێکە لە ئەدەبیترین و جوانکار و پڕ ماناترین ناونیشانەکان. بەهێزی و وزەیەکی سەرسامکەرانەی کۆکردووەتەوە.

ناونیشانی دەقەکانی کتێبی سروودی زەوی، ئەمانەن: (لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیری هەمەدانیدا، هەڵاتن لە گۆرانی، دیداری خوداوەندە ناکامەکان، کەوانەیەک بۆ ناوی لەبیرکراوەکان، ژیانی دووبارەی ئادەم، بە ئارەزووی زەوی

ناو له درەختەکان نرا.) بەشێک لە درێژبڕی ناونیشانەکان، هیچکات نەبووەتە زیان بۆ سەر جوانی و چێژ، ئەوانیتریش تا ئاستێکی زۆر خاوەن چێژ و سەرنجبەری و پەلکێشکردنن.

## نۆیەم: حەزدەکەم ئەوەندە بژیم

حەزدەکەم ئەوەنـــدە بـــژیم؛ ناونیشـــانی ڕووبەرگە و جۆرێک لە نادیاری لە خۆدا هەڵگرتووە، توانای جوڵاندنی خوێنەری هەیە و پڕ وزەیە. داوا خواستنە بۆ دیاریکردنی تەمەن، جوانکارانەیە و هونەرکارییەکی سەرکەوتووانەی تێدا کـــراوە. بـــۆ ناونیشـــانی دەقەکـــانیش، ڕادەیەکـــی بەرزی ئەدەبییانەیە و دڵبزوێنن. لەم کتێبەدا ناونیشانی تاک وشەیی نەهاتووە و ئەو ناونیشانانەن کە دڵخوازی مەرجی نایابی ڕەگەزی ناونیشـــانە، لە هەمانکاتـــدا کەمتـــرین ناونیشـــانی ڕستەیی و درێژبڕی تێدایە. هەم ناونیشانی سەرەکی کتێبەکە لە ئاستێکی سەرکەوتوودایە و هەمتر ناونیشانی دەقەکان. لە هەندێکی کەمدا، دووبارەبوونەوەیەکی ناونیشانەکان لەناو دەقەکانـــدا هەیە و بە زیـــان شـــکاوەتەوە و لەنگیـــیەکە بـــۆ جوانیناســـی ناونیشـــان، بەڵام نکـــۆڵی لە ئاســـت بەرزییـــان

ناکرێت. نموونە (بانگەواز بۆ گۆڕ هەڵکەن، دڵی خڕۆشاوی پیاڵە، ئاوێنەی دەستی گورگ، فەرموو وەرە ناو ژیانەوە، درەختی دەنگخۆش، ڕووناکی گەنجبوونەوە، ئادەم لە سێ ئاوێنەدا.)

گرنگە ئەوەش بەر باس بدەم، کە شاعیر لە چەند ناونیشانێکی دیاریکراودا، ئاوڕی لە وێنەسازی و مەجازیبوونی ناونیشان نەداوەتەوە و تەنیا وێنە واقیعییەکەی گواستووەتەوە.

ئەمەش نموونەیەتی: (دووبارەبوونەوەی پیت، ناسینی هێز، هەواڵپرسین، باوک و دایکم، گەرمایی ناوچەوان، ئاوڕشێنی دەموچاو، شەڕی ناوەخۆ.)

## دەیەم: دواکەوتن لە کەشتی نووح

ئەم ناونیشانە، بنەچەیەکی ئەفسانەیی و ئاسەوارییی و لە هەمانکاتدا ئایینی تێدایە. ئاماژەیە بۆ درەنگکەوتن لە کاروان؛ دەشێ ئەم کاروانە کاروانی ژیان بێت.

**له ڕووی دەنگسازییەوە:** بەدوو شێوە دەخوێنرێتەوە و دوو مانا دەستگیر دەکات؛

**یەکەم:** مانای بۆ درەنگکەوتنی شاعیر لە کاروانی ژیان دەگەڕێتەوە.

**دووەم:** مانای درەنگکەوتنی ئەوانیترە لەکاروانی ژیان.

شاعیر بە وریاییەوە لەگەڵ دەنگسازی ناونیشانەکەدا جوڵاوەتەوە و ڕەوانبێژانە و مانا حەشاردەر و فرە ڕەهەندە. بۆ ناونیشانی دەقەکان دەتوانین بڵێین بە گشتی سەرجەمیان درێژن، بەڵام هێندەش هونەریین. تەنیا گرفتێک هەبێت هەر ئەوەیە لە یادگەدا کەمتر بەرگری دەکەن و دەمێننەوە. دەکرێ بڵێین ڕێک چەپەوانەی ناونیشانی دەقەکانی کتێبی (سەدویەکشەوە)یە.

ناونیشانی دەقەکانی کتێبی دواکەوتن لە کەشتی نووح؛ بە گشتی درێژبڕن و ناونیشانی دەقەکانی کتێبی سەدویەکشەوە کورتبڕن. گەر بەراوردی هونەرکاری نێوانیان وەربگرین، ناونیشانی دەقەکانی دواکەوتن لە کەشتی نووح، ئەدەبیتر و چێژبەخشترە.

له دەرەنجامــدا ئەوەی له ئەزمــوونی شــیعریی ســەباح ڕەنجدەر بۆمـان یەکانگیر دەبێتەوە، ئەوەیە بایەخێکی باشـی بە ڕەگەزی ناونیشـــان داوە و مـــامەڵەی بـــازارگەری لەگەڵ ناونیشـــاندا نەکـــردووە. ناونیشـــان لای ئەم شـــاعیرە بەپێـــی قەبارەی دەقە و زیادەڕەوی و فریودان نابینرێت. ناونیشـانە فریودەرەکـان دەبـنە هۆکـاری پەرتـی لە نێـوان خـوێنەر و نووســەردا و متمـانە کەم دەکـاتەوە. زۆریـنەی ناونیشـان و دەقەکانی شاعیر، خوێنەر کەمەندکێش دەکەن بۆ کێومـاڵکردن و بەدواداچـوون. چەواشــەکەرنین و هەڵقــوڵاوی پــاژ یــان پوختەی ناوەڕۆکن.

هەرێمــی ناونیشــان و دەق خــاوەن مــۆرکی خــۆیەتی و کارســـــازی تێـــداکراوە و ڕژدانە ڕووبەڕووی ناونیشـــــان هەڵبژاردنی دەق بووەتەوە و چووەتە بنکۆڵ، لە هەمانکاتیشدا بێبەری نەبووە لە خاڵی لاواز و ناونیشانی ناهونەری.

**سەرچاوە:**

١_ القرأن الكريم، دار طيبه، الطبعه الأولى ١٩٨٦.

٢_-سەباح ڕەنجدەر، دیوانی سـەباح ڕەنجدەر، بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم، چاپخانەی تاران، ساڵی ٢٠١٨.

## پرسی ناونیشان لە شیعری کوردیدا

### سوریالییەتی ناونیشان لای *لەتیف هەڵمەت* وەک نموونە.

دنیـای نـوێگەری بەردەوام لە بزاوتنـدایە، بـۆیە ڕۆژانە چەندین شتی تازە دادەهێنرێت، هەمـوو ئەمـانەش پێویسـتیان بە ناونیشـان دەبێت. کەواتە یەکێک لە سـوودەکانی نـاو هەم بـۆ ناسـاندن و هەمـیش بـۆ جیـاکردنەوەیە، هەربـۆیە مـرۆڤ بەبـێ ناونیشـانەکان ناتوانێـت درێـژە بە ژیـانی کۆمەڵایـەتی بدات و پێویستییەکی سەرەکی چرکەساتەکانمان دەگرنەوە.

ناونیشـــــان بەڕێـــــوەبەری دەقە، ئەگەر هەردەقێـــــک بەڕێوەبەری نەبوو، تووشی کێشـەی پاشـەگەردانی دەبێتەوە. هەمـوو دەقێـک بـۆ ئەوەی مانـا بەخـش بێـت ناونیشـانێکی پێویستە.

سـەردێڕ دەروازەی باسـە، وەکچـۆن هەمـوو شـارێک بـازگەیەکی بـۆ چـوونە ژوورەوە هەیە، بە هەمانشـێوە بـۆ ناونیشـــان و دەق پێویســـتمان بە دەروازەیەکە بـــۆ چـــوونە نـــاوەوەی دەق. ئەو بـــازگە دەروازەیەی بەپێـــی پێویســـت ڕامانــدەگرن، باشــترن لەوانەی، کە بەخێراییەکــی ســرکانە دەمـــانپەڕێننەوە. ناونیشـــانەکان وەکـــوو ڕەگ وان ڕاگـــر و چڕکـراوی دەقەکـانن، جـگە لەوەش ناونیشـان هێمـای دەقە. هەندێک لە ناوەکـان هەن، تەنیـا تیشـکێکی سـنووردار دەخەنە

سەر شانۆی دەق و هەشمانە هەروەکوو بیر وان بەردەوام ئاوی مانایان لێ دەردەهێنرێت. ئەو ناونیشانانەی داماڵراون لە فرەواتـایی ئەوە دەبنە دەرد بۆ دەق؛ چونکە دەرگا لە بەردەم خوێندنەوەی جۆراوجۆر و جوانی بەخشین بە دەقەکە دادەخات. خاڵێک هەیە، کە لە ناودانانەدا دەبێ وریایانە مامەڵەی لەتەکدا بکەین، کە ئەویش ناونیشانی درێژە، چونکە ناوی درێژ کەمێک درەنگتر وەرگر هەرسی دەکات. ئەو ناونیشانانەی، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مانای دەق دەبەخشن، نەک لەنگی بۆ دەق دروست ناکات، بەڵکوو نیشانەیەکە بۆ ڕامان و تێهزرین و جوانیش.

پەیڕەوکردنی یەکجۆر شێواز لە دانانی ناونیشاندا، دەبێتە هۆی نەخۆشی بۆ دەق. کەواتە پێویستە نووسەر بەردەوام لە کاژگۆڕینەوەدا بێت بۆ ئەوەی ناونیشان و دەق لە ئاستی هاوچەرخێتیدابن.

هەندێک جار دەق هەیە لە ئاستی ناونیشاندا نییە و بە پێچەوانەشەوە ڕاستەوانە دێتەوە؛ کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناشارەزایی نووسەر لە دانانی ناونیشاندا.

پرسیارێکی لەو شێوەیەی ئایا دەکرێت ئەو وشانەی بۆ ناونیشان دادەنرێت لەگەڵ کارامەیی خوێنەردا تەبابن؟ یاخود ئایا سەرکەوتووترین ناوەکان ئەوانەن لەگەڵ وشەنامەی مێشکی وەرگردا گونجاو دێنەوە و ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ وەرگرتنی چێژی زیاتر لە لایەن وەرگرەوە؟

بەرسڤ ئەوەیە مەرج نییە وشەکان لە دانانی ناونیشاندا هەمان ئەو وشانەبن، کە لە کارامەیی وەرگردا هەن، دەکرێت وشەکان بە خوێنەر نامۆ بن و وەرگر لە پڕۆسەی خوێندنەوەی دەقەکەدا درک بە مانای وشەکە بکات، بەتایبەت زیاتر بۆ ئەو ناونیشانانەی کە تاک وشەیین. هەربۆیە سەرکەوتوویی ناوەکان و وەرگرتنی چێژ، هیچکات نەبەستراوەتەوە بەوەی کە دەبێت خوێنەر مانای ئەو وشانە بزانێت، کە لە دانانی ناونیشانەکەدا هاتوون. بۆ ئەوەی دەق بە مافی تەواوی خۆی بگات دەبێت ناونیشانەکەی (هونەری، مانادار، سەردەمیانە و ڕاڤە هەڵگر بێت.) بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبێت ناونیشانەکان لەززەتبەخشبن، واتە خوێنەر بگەیەنێتە دۆخێک بەو هۆیەوە حەزی بچێتە سەر خوێندنەوەی دەقەکە، تاڕادەیەک ئەرکە لەسەر ناونیشان دەق لای خوێنەر خۆشەویست بکات. بۆیە جێگەی سەرسووڕماندنە دەقێک لە ئاستێکی بەرزی دەقبووندا بێت و

ناونیشانەکەی لە پلەیەکی نزمدابێت، چ لە ڕووی هونەری و پێکهاتەکانی دیکەوە، پاشان لە ڕووی ئاستی مەعریفی دەقەکە و بەهای گشتی مەعریفیدا. ناونیشان و دەق دوانەیەکی لێک جیانەکراوەن، بەمپێیە ناونیشان و دەق وەکوو جەستە و ڕۆح وان، بێ یەکتر هەڵناکەن، لە نەبوونی یەکێکیاندا ئەویتریان لەباردەچێت و دەمرێت.

خوا و شارە بچکۆلەکەمان؛ ئەو کتێبە شیعرییەیە، کە لە قۆناغی دەیەی شەست و حەفتاکاندا شۆڕشێکی تازەی بەرپاکرد، ئەو ناونیشانە بۆخۆی لە خۆیدا ناوێکی تازەیە بۆ سەردەمی کتێبەکە و بۆ سەردەمی ئەو قۆناغە شیعرییە. ئەگەر وردتر شۆڕببینەوە بۆ ناونیشانی دەقەکان، ئەوا کۆناونیشانێکی سەرنج سووڕماوتر دەبینین، لەوانە: (پەیکەرێک لە پشکۆ، گەڵای خوێ دەوەرێ، لە باوڵێکی کلیل ونبوودا، لقی هەتاو، ئەم کوولەکانە دەشکێنم، چرایەک لە شەپۆلی گەڕاودا، سێبەری چاوە ژەنگاوییەکان، وشە سوتاوەکان...) گەواهی ئەو ڕاستینەیە دەدەن، جگە لە مەسەلەی نوێبوونەوەی دەق و ڕاپەڕینی شیعریی، هاوکات لەتیف هەڵمەت، لە دەیەی شەست و سەرەتای حەفتاکان و هەوڵدان بۆ خۆقوتارکردن لە دەست ڕەوتی قۆناغی شیعریی

گۆران، کە هەر بەڕاستی ئەو تەوژمە شیعرییە تازە لەسەر دەستی لەتیف هەڵمەت، ئەو درزەی لە دەق بەرەو نوێخوازی ئافراند. هەروەکوو وتمان جگە لە بابەتی ناونیشان، تەرزێکی دژەباوی هاوکێشەی واتایی دەق لە سەردەمی (خوا و شارە بچکۆلەکەمان)ەوە هاتە بوون. یەکەم هۆزانڤانی سوریالینووس لە قۆناغی تازەبوونەوەی شیعری کوردیدا، لەتیف هەڵمەتە، بە ڕابەرایەتی خوا و شارە بچکۆلەکەمان.

بەشێکی هەریەکە لە ناونیشانەکانی ناو پەڕتووکی ناوبراو سەرنج بدەین، دەبینین: (تێکشکاندنی زمان، تێکشکاندنی وێنە ئاسایی و باوەکان، تێکشکاندنی سینتاکسیی، تێکشکاندنی سیمانتیکی ڕەوتی زمان) ئەوا بەسەر ناونیشان و دەقە شیعرییەکاندا جێبەجێ دەبێت.

سەرچاوە:

لەتیف هەڵمەت، خوا و شارە بچکۆلەکەمان، شیعر.

## ناونیشان و چیرۆکی هونەری و وردە نیگا

## خوێندنەوەی دەقی

## (کێ مام تۆفیقی دەنگزل دەناسێت؟)ی

## ئارام کاکەی فەلاح

## پێشباس:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەمەڕ دەقێکە بە ناونیشانی (کێ مام تۆفیقی دەنگزل دەناسێت؟)ـی چیرۆکنووس ئارام کاکەی فەلاحە؛ کە بە کورتە چیرۆک ناوزەند دەکرێت. ترینویل میسیۆن دایت، دەڵێت: «کورتەچیرۆکی ئاسایی لەسنوری پێنج هەزار تا شەش هەزار وشەدا جێی خۆیی کردۆتەوە.»[١]

دەکرێت لە کورتە چیرۆکدا گازەرەکە سێ لاپەڕە بۆ چوار لاپەڕە بێت، هەربۆیە باشترین جۆری کورتە چیرۆک ئەوەیە بە چنراوێکی تۆکمەی زمانیی بچێنرێت؛ هەروەها «کورتە چیرۆک لەپێناو کردنەوەی گرێکاندا کات و شوێن لەبەر یەک بکشێنرێنەوە.»[٢]

---

[١]. هونەری کورتە چیرۆکنووسین، و. مستەفا ساڵح کەریم.
[٢]. هەمان سەرچاوە...

لە کورتە چیرۆکدا، پاڵەوان سنووریکی دیاریکراوی هەیە، تاڕادەیەک وا باشە لە نێوان (١-بۆ ٣) کەسایەتی لەسەر تەختەی شانۆی چیرۆکەکەبن، چونکە قەرەباڵغی دروستکردن و کێش هێنانەوەی کات و شوێن، ڕایەڵی نێوان کورتە چیرۆک و چیرۆکی درێژ دەپسێنێت و دەبێتە چیرۆکی درێژ، کە ئەمەش باسێکی ترە.

## لە ڕووی زمانەوە:

لێرەدا چەند خاڵێک لە لاوازی زمانی ئەم دەقە چیرۆکە دەخەینە ڕوو:

لە شوێنێکدا چیرۆکنووس دەنووسێت: «نەم دەتوانی لەژوورەکانی ناوخۆ لەگەڵ چەند هاو تەمەنێکمدا بژیم.» لە ئێستای پرۆسەی خوێندندا، لەبری (ناوخۆ،) کە لەبەرگرتنەوەی (داخلی)ـی عەرەبییە، (بەشە ناوخۆییەکان) بەکار دەهێنرێت. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە وشەی (ناوخۆ) ئەگەر گونجاویش بێت هێشتا هەرلەوێدا ڕێک نایەتەوە، چونکە گێڕەرەوە دەڵێ: «نەمدەتوانی،» کەواتە ئەو

ڕاناوی (من)ـه، كه لهگهڵ چهند هاوتهمهنێكیدا بووه، ناكرێت چهنــد ژوورێكیــان ههبووبێــت، كهواته دهبــوو بنووســرایه (نهمدهتوانی له ژووری ناوخۆیی لهگهڵ چهند هاوتهمهنێكمدا بژیم.)

«ئێمه له تهمهنێكدا بووین، كه به ههموو شتێكی دونیا پێدهكهنین و گاڵتهمان به ههموو كهسێك دههات.» ئهم وتنه درێژبڕی تێدایه، باشتر وابوو بنووسرێت: ئێمه لهو تهمهنهدا به ههموو شتێكی دونیا پێدهكهنین و گاڵتهمان به ههموو كهسێك دههات.» یان «ئێمه به ههموو شتێكی دونیا پێدهكهنین و گاڵتهمان به ههموو كهسێك دههات.» چونكه له ههردوو بارهكهدا لهبهر ئهوهی هاوتهمهن هاتووه پێویست به (له تهمهنێكدا بووین،) كه هاوواتای یهكن ناكات.

«تۆ حهقت چییه به سهرهوه» ڕاستییهكهی ئهم ڕستهیه زۆر ســتاندارد نیــیه و له ههمانكاتیشــدا (حهق) وشــهیهكی عهرهبییه و له (الحق)ـهوه هاتووه، باشتر وایه بنووسرێت: «تۆ لهوه بگهڕێ» یان «تۆ مافت بهسهر ئهوهوه نهبێت» چونكه ههم جوانكارییه و ههمیش ستاندارد (یهكگرتوو.) لهبری (فهقیر) كه له (الفقراو-فقرا)ی عهرهبییهوه وهرگیراوه، وشهی (نهدار)ـی كوردی بنووسرێت. (نسیب) عهرهبییه و تاڕادهیهك (چارهبهش) ههمبهرییهتی، بنووسرێت باشه.

(حەسود) عەرەبییە و (ئێرەیی)ی کوردی بنووسرێت. (قاڵدرمە) تورکییە و (پەیژە، پلیکانە)ی کوردی بنووسرێت. (ئەمر) عەرەبییە و (فەرمان یاخود داخواز)ی کوردی بنووسرێت. (قایم) عەرەبییە و (بەهێز، توند)ی کوردییە بنووسرێت. (خەبەر) عەرەبییە و (ئاگا)ی کوردی بنووسرێت. (سەعات) عەرەبییە و (کاتژمێر، کاژمێر، دەمژمێر)ی کوردی بنووسرێت. (قبوڵ) عەرەبییە و (ڕازی)ی کوردی بنووسرێت. بەمشێوە بنووسرێت: (کۆمەڵگە ڕازی بکەیت.) (مشتەری) عەرەبییە و (کڕیار)ی کوردی بنووسرێت. ڕاستییەکەی ئەم وشە عەرەبییانە هەموو کوردێندراوە و خراوەنەتە ژێر گۆزاریی زمانی کوردییەوە.

وشەی (تۆز) کە لەوێدا هاتووە، (هەندێ جار دووقاتی دەوت و ئینجا تۆزێکی لێ دادەشکاند.) وشەی (تۆز) لێرەدا دەگونجێت، بەڵام لەبەر ئەوە وشەکە جوانناسی نییە باشتر وایە (کەمێک، هەندێک) بەکار بهێنرایە، هەرچەندە ئاشکرایە وشەی (تۆز) لە ڕەهەندە واتاگەراییەکەیەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

بەدوای کابراکەدا دەڕوات و دەڵێت: «درۆم کرد، گاڵەم کرد، سوعبەتم کرد، تۆ گاڵتە نازانی؟» لێرەدا دەستەواژەی (سوعبەتم کرد) زێدەیە و پێویست ناکات بنووسرێت. لە شوێنێکدا وشەی (موکەبەرە) نووسراوە، کە وشەیەکی عەرەبییە و لە کوردیدا (بڵندگۆمان) هەیە. پێشگری (هەچ) لەگەڵ (کاتێ) هاتووە، بەمشێوەیە: «هەچ کاتێ،» واباشترە بنووسرێت: (هەرکاتێ، هەرکاتێک،) چونکە نووسەر دەبێت ڕەچاوی باری زمانی ستاندارد (یەکگرتوو) بکات.

«ئەوە دووسەعاتە دەگری، زۆر بەدەنگی بەرز دەگری گوێچکە تەحەمولی ناکات.» سەرەتا لەبری (سەعات) دەبوو (کاتژمێر، کاتپێو) بنووسرایە. بەمشێوەیە بنووسرێت: (ئەوە دوو کاتژمێرە زۆر بەدەنگی بەرز دەگری و گوێچکە بەرگەی ناگرێت.) چونکە (دەگری) یەکەمی ناوێت و زێدەیە، هەروەها (تەحەمول) عەرەبییە (بەرگەگرتن) کوردییە.

«ڕۆژێک لە دێیەکەی خۆمان بوومە شوانی کۆمەڵێک مەڕوماڵات، لەگەڵ مەڕ و بزنەکاندا ڕاکەڕاکە و یاریم کردووە.» لێرەدا، درێژبڕی کراوە و دەتوانرا بەمشێوەیە بنووسرێت: (ڕۆژێک لە دێیەکەی خۆمان بوومە شوانی کۆمەڵێک مەڕ و بزن، لەگەڵیاندا ڕاکەڕاکە و یاریم کردووە.)

چـونکە دەسـتەواژەی مەڕومـاڵات خـاوەنییەتی ئاژەڵـدارییە. دەبێت ڕەچاوی باری کورتبڕی و واتاداری بکرێت.

«بە حاڵ نووزەی دەهات» نوسـراوە، دەبـوو (بە ئەسـتەم نوزەی دەهات) بنووسـرابا جوانتر دەبوو. هەروەهـا وشـەی (زەعیـف) عەرەبیـیە و لەبـری ئەوە (لاواز) بەکـار بهێنـرایە. لەبـری «بە نیـوە قـیمەت،» (بە نیـوە نـرخ یـان نیـوەی نـرخ) بنووسرابا. لەبری وشەی «سەلاجە» کە وشەیەکی عەرەبییە، نووسـرابا (بەفرگـر یـان بەفرگـرە.) «مـودیر» وشـەیەکی عەرەبییە و (بەڕێوەبەر)ـی کوردی بنووسـرابا باشتربوو. کە هەر لە دێڕی دواتردا وشەی (بەڕێوەبەر) بەکار دەهێنێت، کە دەبـوو خـۆی لە نووسـینی (مـودیر) یـان بەکارهێنـانی (بەڕێوبەر) یەکلا بکردبـایەتەوە. وشـەی «موعـامەلە» بەکـار هـاتووە لە دەقەکەدا، (هەڵسـوکەوت یـان مـامەڵە) لەبـری ئەو وشـەیە بەکاردێت. «ئیمـزا» بەکـار هـاتووە وا باشـە (واژوو/ واژۆ) بنووسرابا. هەرچەنـدە وشـەی «جنۆکە» کوردێندراوە، کە لە (جنی)ـی عەرەبیـیەوە هـاتووە، بە واتـای (نادیـار، شـاراوە، پەنهـان) دێـت. هەروەهـا، وشـەی (پەری، لەمەچێتر)ـیش بەکـار دەهێنرێـت. لەبـری «غەدر» دەتـوانرا وشـەی (سـتەم) بنووسـرایە، کە هەم لە ڕووی ئـاوازەوە هەم لە ڕووی واتاییەوە ڕاستەوانە دێتەوە.

## ناونیشانی چیرۆکەکە:

ناونیشانێکی پرسیارییە، هەڵگری پەیامێکی کۆمەڵایەتییە، ناونیشانی پرسیاری هەمیشە شتێک یان گرێیەک لە دەروونی خوێنەردا دەهێڵێتەوە؛ چونکە هەڵگری چەمکی پرسیارە و هەربۆیە وا لە خوێنەر دەکات بەدوای واتا مەعریفیی و شاراوەکانی ناو دەقدا بگەڕێت. لە هەمانکاتیشدا، مەرج نییە هەموو ناونیشانێکی پرسیاری، خاوەن پێگەیەکی قووڵی مەعریفی یاخود دەرگایەکی کراوەی بە ڕووی دەقدا بێت. «ناونیشان بەتوخمێکی گرنگی هەردەقێکی ئەدەبیی و هەر نووسراوێکی مێژوویی و سیاسی و جوگرافی و زانستی... تاد دادەنرێت.»[٣]

[٣]. ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپخانەی سەردەم، ٢٠٠٦.

مەبەست لە توخم، واتای بونیادی هەر دەقێک یان نووسراوێکە، ئیتر چی سیاسی یان ئەدەبی یان جوگرافی و زانستی بێت. ئەم ناونیشانە، لە لێنراوەکە (دەقەکە) هەم بونیادێکی ڕستەییە و هەمیش پرسیاری، هەرچەندە ئامرازی (کێ) چەمکێکی پرسیارییە و دەتوانرێت وەکوو پێشگرێک یان ناوگرێک پرسیاری واتایی جیاوازی لێ درووست بکرێت، بەڵام باشتر وایە ئامرازی پرسیار لە پێشەوە دابنرێت، چونکە ڕاستەوخۆییەکی تێدایە و کار لە وەرگری دەقەکە دەکات، بە واتایەکی تر تووشی ڕامانی لەهەمبەر دەقدا دەکات.

بەڵام ئەگەر لەناوگردا بوو، کەمتر دەبێتە مەڵامەتی بزواندن و تاڕادەیەک بزوێنەری دەقەکە لەکار دەخات و ئەوکات نزیک دەبێتەوە لە ناونیشانی ناجوانکاری و پەردەی کپییەک بەسەر دەقدا دادەدات، ئەمە لەکاتێکدا ئاوازی ناونیشانەکە ئاڵۆزکاو بوو.

بڕگەی «مام تۆفیق،» ئەم وشەیە ناوێکی عەرەبییە و لە کۆندا لەمجۆرە ناوانە لە منداڵ دەنرا، هەروەها بڕگەی دواتر «دەنگزل» ئەمەش لە دوو وشەی سادە پێکهاتووە (دەنگ+ زل،) کە ئەمەش هەردووکیان بەسەریەکەوە وشەیەکی لێکدراویان ڕۆناوە. ئەم وشانە بەجیا خاوەن واتای تەواو

نین و بە لێکدانیان دەبنە وشەیەکی واتاداری لێکدراو. لێرەدا کۆی وشەکان بریتییە لە (پێنج وشە.) هەرچەندە ئەم ناونیشانە لە ڕووی ئاستەنگی درێژییەوە، کەمێک درووستکەری کێشەی نەمانەوەیە لە یادگەی وەرگردا. هەروەها، هەست دەکەین ئەو کاتەی ڕستەکە تەواو دەکەین پێویستمان بە پاشخانی بڕە هەوایەکی زۆرە بۆ گوتنەوەی. هەروەها، لاوازی ناونیشانی درێژبڕ، بۆ بە ئاسان نەتوانینی گوتنەوەی لە لایەن وەرگرەوە دەگەڕێتەوە. هەرچەندە لێرەدا ناونیشانەکە ئەو زانیارییە بە خوێنەر دەدات، کە پیاوێکە و دەنگی زلە.

ناونیشانی کورت یارمەتیمان دەدات بۆ زوو هەرسکردن و مانەوە لە یادگەماندا؛ هەروەها بار سووکییش ببێت بۆ گوتنەوەیی و لەسەر زار مانەوەی، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە نادیاری لەلای خوێنەر بە جێبهێڵێت.

## ناوەڕۆکی چیرۆکەکە:

ناوەڕۆکی دەقەکە لە پانتاییەکی کۆمەڵناسانەدا چنراوە و باس لە دیاردەیەکی ناو کۆمەڵگەی کوردی دەکات، کە دەڵێت «ئـێمە خۆمـان میللەتێکـین هەر بەدەگـمەن بەدەنگـی نـزم قسەدەکەین.» [٤]

لێرەدا، وەستانێک لەسـەر ئەم واتـای گوتەیە دەکەیـن. مـرۆڤ لە کـۆمەڵگە دواکەوتووەکانـدا هەمیشـە کـۆت و پێوەنـدێکی پێـوەیە و ناتوانێـت لە خـۆی بکـاتەوە؛ سـنووری ئازادییەکـانی زۆر تەسـکە و لە زۆر کاتـدا دەگـاتە ڕادەی نەبـوون. هەربـۆیە کاتێـک دەرگـای ئەشـکەوتەکە بە ڕوویـدا دەکرێتەوە، لە خـۆوە بە بەرزتـرین دەنـگ هـاوار دەکـات مـن ئـازاد بـووم، بەڵام ڕاسـتییەکەی وانییە، چـونکە پـاش ئەوەی، کە دەروونی تاکەکان هەریەک بە جۆرێک کۆمەڵکوژ دەکرێن، کە دیسان ئەم هاوکێشەیە دەچێتەوە سـەر کوژیارەکانی نـاو ئەشـکەوت، وەک گوتمـان بەهـۆی تێکچـوونی بەرنـامەی دەروونی مرۆڤەکانەوە لەمشێوەیە دێتەکایەوە.

---

[٤]. هەمان سەرچاوە...

ئـــارام كـــاكەی فەلاح؛ لەم چیـــرۆکەدا بە شـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ پێمـــان ڕادەگەیەنێـــت، تـــاکی کـــورد لایەنـــی سـۆزداری زاڵە بەسـەریدا، هەربـۆیە کێشـەی بیرکـردنەوەی هەیە و هەمیشـــە ئەم دەردە ناکۆتـــایە بـــووەتە هۆکـــاری دواخسـتنی میللەتێکی خـاوەن بوون و پێگەی خۆی، کە هەر لە دێرزەمـــانەوە مـۆرکی نەتەوایەتـی و ڕەسـەنێتی خـۆیی هەبـووە. هەروەهـا، بەشـێکی تـر لە تیشـکی نـاوەڕۆکەکەی دەخـــاتە ســـەر لایەنـــی ژیـــانی خوێنـــدکار لە گـــوزەرانی بەشەناوخۆیەکان و زانکۆدا.

لێـرەدا بـاس لەو کێشـەی بەشـە ناوخۆیـانە دەکـات، کە ڕێگرە لە بەردەم پێگەیاندنی خوێنکاری بلیمەت و داهێنەردا؛ چـونکە بەهـۆی نەبـوونی لێـژنەی چـاودێرییەوە چەنـدین خوێنکـــار دەبـــنە هێزمـــی ئەو بـــارە نـــاهەموارە. وەک لە دەسـتپێکی چیرۆکەکەوە ڕەهەنـدە ڕەخنەییەکەمـان بـۆ ڕوون دەکـاتەوە، کە گەنجێکـی زۆر چـالاک و زانسـتخواز بـووە، ناتوانێـت لە ژووری بەشـە ناوخۆییەکانـدا گـوزەران بکـات، ئەویـش بەهـۆی ئەوەی دەکەوێـتە لای کۆمەڵێـک هـاوڕێی گـاڵتەچی پـێچەوانەی بـاوەڕی تـاکێتییەوەی. هەربـۆیە پەنـا دەباتە بەر گەڕان بۆ دۆزینەوەی شـوێن و دەربـاز بوون لەو سەرهێشـەیە. ئینجـا لە کۆتاییـدا بـاس لە دیـاردەیەکی تـازە

دەکات، هەرچەندە ئەم دیاردەیە تازە نییە و لە فەرمانڕەوایی (شـــێخ مەحموود)ـــەوە زۆر و کەم پیـــادەکراوە و تـــا گەیشتووەتە ئەم سەردەمە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەویش بابەتی کۆمەککارییە (واستە.)

چیرۆکنووس فلاشی لەو تاریکییە دزێوەی ناو کۆمەڵگە داوە، کە کۆمەککاریی هێزێکی گەورەی هەیە لە دامەزراندنی خوێنـدکاردا، نەک خوێنـدکار؛ هەنـووکە هەمـوو بـوارێکی دامودەزگاکـانی گرتـووەتەوە. هەربـۆیە لێـرەدا بێئومێـدیی خوێنکارانی زانستگەمان لە پاش تەواوکردن بۆ دەردەخات و دەڵێـت: «ئەوەئێســتا بۆســاڵێک دەچێـت مـن زانکـۆم تەواو کردووە، هەربەدوای ئیشدا دەگەڕێم و دەستم ناکەوێت، لەم شــارەدا زانکـۆش تەواو بـکەی بـێ واســتە هـیچ شـوێنێک ناتگرێتە خۆی.» [٥]

چیرۆکنـووس توانیـویەتی بـاس لە گرفتێکـی زینـدوو و سـەردەمیانە بکـات و بەجیـا تیشـک بهـاوێژێتە سـەر دیـاردە ناشرینەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی.

---

[٥]. گۆڤاری هەنار، ژ. ٥٥، ئۆگۆستی ٢٠١٠.

## ئەنجام:

- لە ڕووی زمـــانەوە، هەنـــدێک هەڵەی زمـــانی و کۆمەڵێـــک وشەی بیانی بە تایبەتی وشەی عەرەبی بەکار هێناوە.

- ناونیشـــانی دەقەکە، تـــاڕادەیەک درێـــژە و ئاســـتەنگە بـــۆ گـــۆزاریی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ناونیشـــانێکی جـــوانە و ســـەرکەوتووبووە لە هەڵبژاردنـــی نـــاوەکەدا و توانیـــویەتی ڕایەڵی نێوان ناونیشان و دەق ڕابگرێت.

- لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، کەرەستەیەکی زیندووی کردووەتە بـابەتی دەقەکە و زۆر بە باشـی هاوکێشـەی قەیـرانەکەی بە خوێنەر گەیاندووە.

## ناونیشان لە ڕۆمانی کوردیدا،

## دوو ڕۆماننووس بە نموونە.

## چییەتی ڕۆمان و ڕۆمان وەک هونەرێک:

ڕۆمان چیرۆکێکی درامی درێژە و هەوڵی گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوێکی ڕوودراو یان ڕوونەدراو دەدات. ڕۆمان لەسەر خۆراکی بابەت دەژی و گێڕانەوە داینەمۆیەتی. مێژووی ڕۆمان لە ڕۆژئاوادا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەهەم و بەرەو سەرووتر. لە سەدەی حەڤدەیەم، ڕۆمان گەشەی پێویستی بەخۆیەوە نەدیت، بەڵام سەدەی هەژدەیەم ڕۆشنایی خۆری ڕۆمان زیاتر هەڵهات و سەرکەوتنی باشی بە دەست هێنا، لە سەدەی نۆزدەدا گەیشتە ئاکامی خۆی. زمانی ڕۆمان گێڕانەوەیەکی پەخشانییە و تێکەڵە بە زمانی ڕەگەزەکانی تر.

بنچینەی دروستبوونی زاراوەی ڕۆمان، بیرمان دەباتەوە بۆ لای نووسەرێکی کۆنی ئیتالی، کە ناوی (جیۆڤانی بۆکاشیۆ)ـیە، لە نێوانی ساڵەکانی (١٣١٣_١٣٧٥)ـدا ژیاوە و ڕۆمانێکی نووسی و ناوی لێنا (دیکامیرۆن-نوفیلا ستۆریا.) لەو دەمەدا لە خوارووی ناونیشانی سەرەکییەکەوە، ناوێکی لاوەکی دەنووسرا، ئەمەش بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بەکار دەهات.

ناونیشــانی پاشــەکیی ئەم ڕۆمــانە (نوفیلا)ــیە، نــاوی (نـوفیلا) لە زمـانی ئیتاڵیـدا بە مانـای (تـازە ) دێـت، پاشـان بەمشـێوەیە وشـەکە لە زمـانی ئینگلیزیـدا گۆڕاوە و بووەتـە (نۆڤڵ) وەک جۆرێک لە چیرۆکی تازە.

ئەمەش پەیوەنـدی بە خـودی ڕۆمـانەکەی جیۆڤـانییەوە هەیە، بەوەی پێش نووسینی ئەم ڕۆمانە، چیرۆک بە زمانی شـیعر دەنووسـرا و تەنیـا تـایبەتبوو بە باسـی پاشـا و سـوارچاک و شـاژن و پـاڵەوان، بەڵام لە چیرۆکەکـانی ڕۆمانەکەی جیۆڤانییدا (دیکامیرۆن) ئەو قاڵبە لە کۆنە شکێنرا و بـابەت لە دەوری ژیـانی ئاسـایی ڕۆژانە و بگـرە کەسـانی سـادە جوڵایەوە، بەم هـۆیەوە بە ڕۆمـان دەوترێت (چیرۆکی تازە.)

ئەگەر لە ئەدەبیـاتی ڕۆمـانی کـوردی بـدوێین، یەکەمـین پرۆسـەی نووسـینی ڕۆمـانی کـوردی دەگەڕێـتەوە بـۆ بەرهەمەکانی (شڤانی کورد_ بەربانگ_ کوردی ئەلەنگەز و قەڵای دمدم)ـی عەرەبی شـەمۆ، کە بە شـێوەزاری کرمـانجی سەروو، لە ساڵی (١٩٣٥)دا نووسراوە. پاش عەرەبی شـەمۆ، چەنـد ڕۆماننووسـێکی کـوردی یەکێتـی سـۆڤێتی پێشـوو

ڕۆمانیـان نووسـیوە، لەوانە (حـاجی جونـدی) بە ڕۆمـانی (هەواریێ و بەهـار هـات،) هەروەهـا نووسـەرێکی دیـکەش بەنـاوی (عەلـی عەبـدولڕەحمان) بە ڕۆمـانی (خـاتێ خـانم و گونـدی مێرخاسـا،) بەڵام بە هۆکـاری درەنـگ گەیشـتنی ئەم ڕۆمانانە بە بەشەکانی کوردستان، هیچ کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی گەشەسەندنی ڕۆمان لە کوردستاندا نەبووە. قۆنـاغی چەسـپاندنی ڕۆمـانی کـوردی لە باشـووری کوردسـتان، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆمانەکانی (پێشمەرگە)ـی ڕەحیمی قـازی و (ژانی گەل)ـی ئیبراهیم ئەحمەد، ئیتر لەو قۆنـاغەوە ڕۆمـانی کوردی شەقڵی خۆی وەرگرت.

لە ڕۆمانـدا، ئەم پـاژانە گـرنگن و بـزوێنەری بـاری چیـرۆکەکەن، لەوانە (زمـانی پەخشـانی،-گـرێچن،-پەسـن،-دیـالۆگ،-مەنەلـۆگ،-گێـڕانەوە،-شـوێن،-کەسـایەتی،) ئەم بەشانە هەریەکەیان ئیشی خۆیان دەکەن.

ڕۆمـان بۆخـۆی جـۆری زۆرە، وەکـوو (ئەڤینـداری، پۆلیسـی، کـۆمەڵایەتی، مێژوویـی، دەروونـی، فانتـازیی، پەروەردەیـی...) ئەمجـۆرانە پتـر لە ڕەخـنەی کۆنـدا ئاوهـا پـۆلێنکراون و بەم تەرزە نووسـراون؛ بەڵام لە ئێسـتادا تێکئاڵاو و فرە ڕەهەندە. ڕۆمان ئەو جیهانەیە، کە ئەمجارە

لەبری خودا، مرۆڤ بونیادی دەنێت، باشترین شارێکی هونەرییە، کە بە دەستی مرۆڤ چنرابێت. گێڕانەوەی پەخشانیی، بەدرە لە لاسایکردنەوەی ڕەهای واقیع، ئافراندنەوەی جیهانێکیترە، کە نزیکە لە جیهانی ڕاستەقینەوە. دارشتنەوەی کەتوارە بۆ ناو خەیاڵ، خەیاڵیشە بۆ ناو کەتوار. بۆخۆی ناتالی ساروت لای وایە (واقیع لە ڕۆماندا لەلای ڕۆماننووس واقیعی بینراو نییە، بەڵکوو تەنیا ڕوویەکی وەهمیی واقیعە، واقیع واقیعی نەبینراو و شاراوەیە.)

سیاسەتی ڕۆمان، چنینەوەی خەونە سروشتی و وێناندنەکانی ڕۆماننووسە بۆ ناو کەناڵی وشە.

ڕۆمان وەک نوێنەری مۆدێرنیستی هەژمارە، ئەمە هاوکاتە بەوەی سەرشارە بە کانزایەکی زۆرتری پەخشانی و گێڕانەوە، ئازادییەکی بەرینتری هەیە بۆ بەپێوەنانی چەمکەکان، لە کاتێکدا گێڕانەوەی پەخشانی و گێڕانەوەی شیعریی جودان.

دوای سەرهەڵدانی شارستانییەتی مۆدێرن، گەشەی ڕۆمان هەڵکشا و هاتنەبوونی ئایدۆلۆژیاکان و ژیاریی پیشەسازی و فراوانبوونی دونیای ئامێر و بازارگەریی، بواری بۆ تەوژمی نوێبوونەوەی ڕێچکە جۆراوجۆرەکان

کردەوە، کە ڕۆمان وەک هەبوویەکی هەم گرنگ و پێویست، هەمیش حەتمی لەدایک بێت. ئاراهاتنی یەکەیەکی پەخشانیی وەک ڕۆمان، داخوازی پێشچوون و گەورەبوونی کۆمەڵ و کۆمەڵگەیە. دابەشبوونی جیهان بەسەر کۆن و نوێدا، وامان لێ دەکات گێڕانەوە وەک مۆرکی ڕۆمان بخەینە پاڵ جیهانیبوونەوە، کە دەکاتە جیهانی نوێ. دروستبوونی جیهانی نوێ، زیاتر لە ژانری شیعر، پێویستی بە گێڕانەوەیە، جیهانی کۆن لەسەر خۆراکی شیعرخوازی ژیاوە، گۆڕانکارییە هەمەجۆرەکان لە گشت ڕوویەکەوە دەرگای بەسەر ژانری تازەدا کردەوە. بونیادی نوێی ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونناسی و زانستی، لە هەموو شتێک زۆرتر داخوازی لەسەر گێڕانەوەی تازەی ئەدەبیی کرد.

ڕۆمان ئەو مەکینەی چنینەیە، کە خەیاڵە ڕۆمانسییەکانی گوندی ڕووخاند و فەرشی بۆ هێنانەدی شاری تازەی ڕاخست.

## ترس له دەق:

له خوێندنەوەمانــدا بــۆ هەردەقێــک، دەبێــت ئـــازاری پشــتەوەی دەقەکە هەســت پێـبکەین و ببینـین، ئەگینـا جـۆرە سەرگەردانییەک له ڕاڤەکردندا سەرهەڵدەدات. هەمـوو دەقێک ڕەگـی دەقێکـی پێشـووی خـۆی تێـدایە، هـیچ دەقێـک نیـیە لە بۆشـــاییەوە دروســـت بێــت. دەقە نوێگەرەکـــان منـــداڵی نـــاو منداڵـدانی دەقە پێشـینەکانن، بەڵام وەک جۆرێـک لە زارۆکـی تـــازە نەشـــونمای گـــۆڕاو. بە دیـــاریکراوی هەمـــوو دەقێـــک خـاوەنی قسـەیەکە، دەق کاتێـک دەیەوێت بێتەگۆ، هەڵـبەت لە ناواخنیدا شتێکی پێیە تاوەکوو پێمانی ڕابگەیەنێت.

جۆرێک لە دەقمان هەیە، خاوەن ڕیتمێکی زبرە، بە ڕەقی و قـورس و تیـژ پـێ لەسـەر دیاردەکـان و ژیـان دادەگرێـت، ئەمجـۆرە لە دەق تـووڕەترت دەکـات، دەتـداتە دەسـت نـا ئارامییەکـانەوە. دەق، کە قســەی هەبــوو نابێــت بترســێت و شـەرم بکـات، دەقە شـەرمۆکەکان مێـژوو دادگاییـان دەکـات. دەقـی ڕوونـاک، خـاوەن ڕێکـاری مرۆڤـانە و جیهـانییە و لە

قولاییی کولتوورەوە دێت، ڕۆلان بارت لە شوێنێکدا دەڵێت: (دەقێک کە دڵخۆشمان دەکات، بەرهەمی هەیە، خۆشحاڵمان دەکات، دەقێک کە لە دڵی کولتوورەوە هەڵدەقوڵێ و هیچ دابڕانێکی لەگەڵ نییە.)

ئایدۆلۆژیای سیاسی بە گشتی مڵەی دەقە، بنەچەی دەق بۆخۆی لە خۆیدا ئایدیایە، ئایدیایەک پتەو بە هزری مرۆڤ و ژینگە و ئاژەڵ و ژیاندۆستانە. دەقی بارگاویکراو بە سیاسەت و ئایدۆلۆژیای حیزب و ولاتێکی دیاریکراوەوە، جۆرە دەقێکی وشک بەرهەم دەهێنێت! دەقە ساختەکان خاوەن ڕۆیشتنی خۆیان نین، پێیەک کە هەیانە خواستراوە، سات و ناسات دەساتمێ. ئەوەمان لە بیر بێت، دەقی سەرکەوتوو جگە لە لایەنی تەکنیکی، خاوەن دنیابینین و پلوراڵییەتە. دەقەکان وەک مرۆڤ سێکس دەکەن و منداڵی دەقی تازە دەهێننە بوون، ئەمە وەک دەرچەیەک بۆ کاریگەرییەکان. دەقی پابەندخواز، هەمیشە خاوەن شەرمنترین قسەوباسە و هەردەم ڕووبەڕووی بۆشایی ئازادیی گوتن دەبێتەوە، خاوەن گوتاری لە قاڵبدراوی ناسەربەخۆیە. دەقی بارگاویکراو بە ئایدۆلۆژیا، جۆرە دەقێکە ماف لە خوێنەر دەسەنێتەوە و تەرزێکی ماناکوژە. دەقی ناوازە ئەو دەقانەیە، کە ئاسمانێکی بەرین لە ڕوانینیایەتی.

## چێژ وەرگرتن لە ناونیشان،
## ئایا خودی چێژی ناونیشان چییە؟

ناونیشـــــانی  چێـــژبەخش ئەوانەن، کە لە قـــــوڵاییی هۆشیارییەوە سەر دەردەهێنن، یان ئەو ناوانەن کە تووشی جۆرێــک لە نیگەرانیمــان لە بەردەم خۆیانــدا دەکەن و ژێــی گومانمان دەهەژێنن.

هەڵە نیــیە وا تێــبگەین ناونیشــانی چێــژدار، هەمیشــە ئازارێکی شاراوەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، بەمشێوەیە بێت پەیوەندییەکی لێکدانەبڕاو لە نێوان چێژ و ئازاردا هەیە. ناونیشــانی چێــژگەرا ئەو مەدلــولانەیە بەهەر جۆرێــک بێـت خــوێنەر سەرخۆشــی خــۆی دەکــات. هەرناوێــک لە ڕووی بنەماکانی پێوەری ناونیشانەوە ناو بوو، ئەوا خاوەن موڵکی چێــژی خــۆیەتی؛ بەڵام ناونیشــانێک، کە هێشــتا نەگەیشــتبێتە ئاستی ناونیشان بوون، ئەوا خاوەنی ئەو جۆرە تاپۆیە نییە و لە ئەگەری هەبوونیشیدا ئەوە چێژێکی ساختەیە.

چێــژی ناونیشـــان ڕێــژایەتییە، گریمـــانەی ئەوە هەیە خوێنەرێـک چەژە لە نـاوێکی نابـاو نەبـات و لە هەمانکاتـدا خـوێنەرێکی تـر ئـارەزووی بکـات؛ بەڵام ئەمە هـیچ لە ئاسـتی ناونیشانی ئەو دەقە ناهێنێتە خوار.

فەرهەنگ و شارەزابوون لە کولتوور و فۆلکلۆر، پاشـان وشـەنامە و ناسـینی ئیدیۆمەکانی ئەو زمـانە، وا دەکـات هـیچ کێماسییەک لە وەرگرتنی چێژی زیـاتر لە ناونیشـانی دەقەکە نەیەتە ڕێگەمان. لە هەموو جوانییەکدا چێژێک هەیە، تابلۆیەک و جــوانی مێینەیەکــیش بێــبەری نیــیە لە ئاماژەکــانی ئەو ڕستەیە، وەکچۆن بە هەمان شێوە بۆ ناونیشانیش.

چێژی سەرباس، سەرباس بە مانای ناونیشان هـاتووە و هاوواتایە بۆ ناونیشـان، پەیوەنـدییەکی دانەبڕاوی بە تەمەن و زەمەنەوە هەیە، ئەوەیـان کە بەسـتراوەتەوە بە تەمەنەوە ئەو خــاڵەیە کە خــوێنەر لە ئاســتە جیاوازەکــانی تەمەنیــدا پــلەی چێــژی گــۆڕانی بەســـەردا دێــت. مانشــێتێک، کە لە تەمەنــی گەنجیـدا خـوێنراوەتەوە و بە تێپەربـوونی سـاڵەکان و ڕەنـگە جارێکی تر خوێندنەوەی لە سـاڵەکانی داهـاتوودا، هەمـان ئەو چێــژە بەو خـــوێنەرە نـــەدات، کە لە ســـاڵەکانی ڕابـــردوودا خوێندوویەتییەوە.

ئەمەش بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە، لەوانە هۆکاری دەروونی ئەو خوێنەرە، کە لەو زەمەنەدا ناونیشانەکەی تێدا خوێندووەتەوە، پاشان بۆ خودی ئەو زەمەنەش دەگەڕێتەوە، کە دووبارە خوێنەر لەگەڵ ئەو ناونیشانەدا بەریەککەوتنی هەبووە. لێرەدا نموونەی بۆن دەهێنمەوە، چۆن لە قۆناغێک لە تەمەنماندا شەیدای بۆنێک بووینە و چێژی پێمان گەیاندووە، بەڵام لە قۆناغێکی دیکەی تەمەنماندا خودی ئەو بۆنە ئاستی چێژەکەی گۆڕاوە و ئەویش بەهۆی ئاشنایەتیمان بە کۆمەڵێک بۆنی تازە.

ئەمەش پەیوەندی بە هەڵکشانی مەعریفەی خوێنەرەوە هەیە، تا ئاستی مەعریفی خوێنەر بەرەو سەرەوە هەڵکشێت، ئاستی چێژ وەرگرتن هەم لە ناونیشان و هەم لە دەقیش بەرز دەبێتەوە.

دەرەنجام هەندێک لە ناونیشانمان هەن، نەگۆڕن و بە تێپەڕبوونی کات هیچ گۆڕانکارییەکی خراپ بەسەریاندا نایەت.

## ماناکانی ناونیشان؛ لای هەردوو ڕۆماننووس:
## (ئیبراهیم ئەحمەد و حوسێن عارف)

ناونیشــان نەک لە بــواری ئەدەبــی، بەڵکــوو لە کایەکــانی دیـکەی زانسـت و ڕۆژنـامەگەری و بـازاڕیش بـایەخی خـۆی هەیە. بەشـێکی جیـانەکراوەی دەقە، لە تەنیشـت نـاوەڕۆکەوە، هەم جـوانی و هەمـیش ڕۆڵـی تەواوکەر بە دەق دەبەخشـێت. ئەگەر ناونیشـــان بچـــوێنین بە (ســـەر) کەواتە مـــامەڵەی هـزرینیش دەخەیـنە ئەسـتۆی. هەڵـبەت ناونیشـان دەرچەیەکە بۆ وەرگر، تاوەکوو لەوێوە بۆ ئاماژەکـانی جیهـانی نـاوەڕۆک و پشتەوەی دەق بچین. ناونیشان تەنیا ئەرکی ناسـاندن نییە، بەڵکـــوو خزمەتـــی جوانکـــاری و ســـەرنجبەری و چێـــژ و هزراندنیشی چووەتە پاڵ. ناونیشانی بـاش، ئەوەیە بەگـورجی دیدەی خوێنەر ڕابکێشێت.

**ناونیشـانی ڕۆمـانی (ژانـی گەل)** لە وشـەیەکی واتـایی و وشــەیەکی بەرجەســتە درووســت بــووە، گوزارشــتکەرێکی ڕاســـتەوخۆی نـــاوەڕۆکی دەقە. ناونیشــــانی (ژانــــی گەل) پوختەکراوەی ناوەڕۆکە و باس لە بەسەرهاتێکی نەتەوەیی و مرۆیانــە دەکــات. ناونیشــانی درووســت ئەوەیە، لە تەوەری باس لانەدات، بۆخۆی (ژانی گەل)یش یەکێکە لەو ناونیشـانە. نـاوەڕۆکی دەق، ڕیـالیزمی شۆڕشـگێڕانەیە و هاوکـات خـودی ناونیشــانیش بە هەمــان شــێوە ڕیــالیزمییە. ســەرکەوتووانە توانیــویەتی ڕایەڵ لە نێــوان چیرۆکــی دەقەکە و ناونیشــاندا چێبکــــات. ئەوەی هەیە ناونیشــــــان لەم دەقەدا کەمتــــرین ئارایشــتی هــونەری کــراوە، ئەو تــوخمەی، کە بە ماکیــاژی جوانکاریی هونەریی ناسراوە، بە شێوەیەک کەم بایەخ کراوە. ناونیشــانی تــاک وشــەیی، هەمیشــە پێیەکــی لە تەمتومــان و نادیــاردایە، هەم ســادە و هەمــیش ئــاڵۆز، خــاوەن کەمتــرین مەدلوولی واتاییە.

دانانی ناوی تاک وشەیی، هەندێ جار بۆ نەشکاندنەوەی دەســەڵاتی نووســەر بەســەر دەقدا دەگەڕێتەوە و جــاریواش هەیە، دەق خــۆی وا پێویســت دەکــات هەڵگــری نــاوی تــاک وشـەیی بێت، بە شـێوەیەک کە دەق ناونیشـان ناچـار دەکـات بەو تەرزە بێت.

هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە دەق دەیەوێت مانا و پەیام بگەیەنێت، ئەوەندە لەسەر تەکنیک و جوانکاری ناوەستێت. جۆرێکیتر ناونیشانی تاک وشەییمان هەیە، کە لە پاشگر یان پێشگرێک درووست دەبێت، کە بۆخۆی ڕۆشناییەک بە ناونیشانە سەرەکییەکە دەدات، هاوکات ئەمجۆرە لە ناونیشان، مانا گەیەنەرتر و هونەریترە.

**ڕۆمانی (هێلانە)ی حوسێن عارف**، یەک لەو ڕۆمانە تایبەتانەیە، کە وردکارانە و لێزانانە لەو دەروازەوە دەچێتە ناو باسی دۆزەخی ئەنفال. ناونیشانی هێلانە، ناوێکی تاک وشەییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت جەمسەری ناونیشان و ناوەڕۆک لێک بدرێت. گەر تەماشا بکەین، ناوەڕۆک لەسەر تەوەری ئەنفال دەسووڕێتەوە. بازنەی باس، لەسەر ڕاوەدوونان و چەوساندنەوەی گەلێک و کوشتن و بڕین و لەناوبردن و پاکتاوکردنە، هەربۆیە ناونیشانی (هێلانە) گوزارشتێکی پڕاوپڕە لە خواستی ڕۆمانەکە. جگە لەو

لایەنەش، لایەنێکیتــری ئەوەیە بە هــونەری کــراوە، نووســەر دەیتوانی لەبری هێلانە، ( ماڵ)ی دانابایە، بەڵام هۆشیار بووە لە هێنانی مەدلوول و هاوواتای (ماڵ)دا. لێرەدا، ئیش لەسـەر لێچوانــدن کــراوە، ناونیشــان و تێمــاکە، هەردووکیــان هــیچ جوداییەک لە نێوانیاندا نییە و سەرکەوتووانە بەربژێرکراوە.

**ڕۆمانی (شار)یش**، یەکێکە لەو ڕۆمانە واقیگەراییە/ ڕیالیزمە خەبــاتگێڕانە، کە قــووڵ بــاس لە قەیرانــی داگیرکــاریی/ ئیمپریـالیزم و بەرەنگاربوونەوەکـان دەکات. بەر لەوەی بـاس لە (شــار)ی نووســەر بکەم، هەوڵــدەدەم ســەرنجێکی خێـرا و گشتێنراوی بخەمە سەر.

پێکاتەی شار لە جەستەی مرۆڤ دەچێت، گشت شارێک بــۆ ئەوەی لە لایەنــی مــۆدێرنەوە لە شــارێکی فانتاســتیکی بچێـت، پێویســتی بە نەخشــەڕێیە و دەخوازێــت بەرنــامەی بەڕێوەبردنی هەبێت.

هیچ شارێکی مۆدێرن و تازەخواز نییە بێ ماستەرپلان. شــاری گەورە، پێویســت بە مۆزەزەخــانە و گەلەری و هــۆڵی ســـینەما و هـــۆڵی گەورەی شـــانۆ و جـــادەی فـــراوان و قوتابخــانەی نمــوونەیی و زانســتگەی پڕکــاری زانســتیی،

تیاترۆخـانە و کـارگە وپەرسـتگە و پـارکە دڵڕفێنەکـانە. شـار، جـگە لە ئەنـدازیاری داهێـنەر و بە توانـا، ئاتـاجی بە خەیـاڵی شــاعیران و نیگارکێشــەکانە. لە هەرکوێــدا شــاری گەورە و مەزنمـان بینـی، لە ناواخنیـدا هونەرمەندی گەورە و شـاعیری دانسقە و بیرمەند و شێوەکاری داهێنەری تێدا نەبـوو، کەواتە ئەوە شارێکی ناتەواوە لە بەها پێوەرە فیکرییەکەی شاردا.

وەنەبـێ ئیتـر شــارە گەورەکـان تەنیـا خـاوەن مرۆڤـی نموونەیی بن، شارەکان بێبـەری نین لە گەمژە، گەمژەکانیش لە شــاردا جۆراوجـۆرن، هەریەکە بە جۆرێـک کـار لەســەر گەمژەیی خۆی دەکـات و پەرەی پێدەدات، بەو مانـایەی شـار بە ڕەنگاڵەبوونییەوە جوانە و لە شار دەچێت.

شــارە تازەکـان زۆر لە شـیعری سـپی دەچـن، خــاوەن فەزایەکـــی ئـــاڵۆز و بـــریقەداری وێنەیـــیە، شـــارە گەورە و تازەکـان، زەریـایەکن لە شووشـە. جیاکـاری لە نێـوان شـارە کۆنەکـان و شـارە تازەکانـدا ئەوەیە، نـاواخنی شـارە تازەکـان خـاوەن تیۆریـایەکی فەلسـەفی و شـیعریی ئـاڵۆزن، جـودا لە شــارە نــاواخن دێرینەکــان، کە لەســەر داڕشــتەی شــێوازی کلاسـیکن. شـار مەکیـنە هەنجێـنەرەکەی مرۆڤـی هۆشـپاک،

هەمیشە شارەکان مرۆڤ لەتکەرن. شار بە گشتی ئاوازی گۆرانییەکی خەمگینی خەڵقندەکانی هەناوییەتی.

بەراورد بەو مرۆڤانەی دەرە فەزای شارن، دەرە شارییەکان مرۆڤی یەکڕوون، کەمتر سیاسیین، زۆرتر سادەگۆ و خاکەڕان، خاوەن توخمێکن لە دڵپاکی.

شارەکان ناچارت دەکەن بە ڕەگەزێک لە ڕۆشنبیریی سەرەتایانە، ئەوەنییە درووستکەری سۆپەر مرۆڤ بن، تەنیا ئەوەیە شار پڕ ئەزموون و دەوڵەمەندترە بە کەرەستە مۆدێرنەکان.

شەپۆلی دیجیتالیزەیی کە دێت، خەون و خەیاڵی شارەکان دەگوازرێنەوە بەرەو تەنانەت نێو چیا و دەشت و گوند و شارۆچکەکان. شوناسی شار، هەروەها پێناسی مرۆڤیش دەگۆڕێت، گوندییەک و شارییەک هەردووکیان دەبنە هاوڵاتی گەورە شارێکی جیهانی. مرۆڤ هەم دەبێتە خاوەن دوو جۆر لە ناسنامە و هەمیش دوو جۆر لە مێژوو. مرۆڤی جووت ناسنامە، مرۆڤێکە پەرت لە نێوان ناسنامەیەکی نیشتمانی و ناسنامەیەکی جیهانیبوو، بەڵام لە هەمانکاتدا نە لە نیشتمان ئاسوودە و نە لە جیهان.

دوو جۆر لە مێژوو؛ مێژوویەکی واقیعی، بەشدار لە جووڵەی ڕووداو. مێژوویەکی ئەلیکترۆنی، ڕۆڵگێڕی نمایشیی ڕووداوی ڕووداو خولقێن. زەمەنی ئێستای مرۆڤ، خاوەن جیهانێکی بێ شارە، لە هەمانکاتدا شارێکی بێ مرۆڤ!

(شار)ی ڕۆماننووس، قسەکردنە لەسەر داگیرکەرێکی خۆسەپێنەر و پاکتاوکەر. ناونیشانی (شار) لەوەوە دێت، کە لە دوو توێی دوو بەرگی ڕۆمانەکەدا، بەشی هەرە زۆری ڕووداوەکان لەناو شاردا ڕوودەدەن و بەڕێوەدەچن. (شار) بەو مانایە دێت، کە هێزی گەمارۆدەری داگیرکەر/ ئیمپریال، هەوڵی گۆڕینی ڕەسەنێتی جومگە و سەرچاوەکانی دەدات و دەخوازێت دەستەمۆی بکات. لە باوەڕیاندایە شار بکەنە شارێکی بەزێندراو، لە کاتێکدا کەمتر دەتوانن جادووی هێز بەرانبەر لادێ و دەشتاییەکان و چیاکان بەکار بهێنن. شار هەمیشە لەناو ئاگری ململانێکاندا دەسووتێت، ململانێی نێوان هێزی شانەی نووستووی بەرەی ڕزگاری و لایەنی هێزی داگیرکەر. ناونیشانی (شار،) تەریبە لەگەڵ خواستی ناوەڕۆکدا، هاوتەبان و یەکتر تەواو دەکەن.

شـــار، نـــاوێکی نەناســـراوییە و ســـەرنجبەرە، بە هـــیچ شـیوەیەک مەرج نیـیە ناونیشـانی یەک وشـەیی، نائیسـتاتیک بێت و دەلالەتی هونەریی تێدا نەبێت، لە کاتێکدا دەکرێت هەم هونەری و هەمیش گوزارشتدەری ناوەڕۆک بێت. لـە کاتێکدا ناونیشانی ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی ڕەحیمی قـازی، ناونیشـانی وەک ڕایەڵێکـی پـتەو بە نـاوەڕۆکەوە بەسـتراوە. هەرچەنـدە هەم نـاوەڕۆک هەمـیش زمـان و ناونیشـان و تەکنیک لاوازن، بەڵام ناونیشان وابەستەیە بە باسەکەوە.

## سوودم لەم ژێدەرانە وەرگرتووە:

١ـ چێـــژی دەق، ڕۆلان بـــارت، وەرگێڕانـــی: ئیســـماعیل زارعی،٢٠٠٧.

٢ـ ڕۆمان و پیشەی نووسینی ڕۆمان، ئەدوارد بلّڤن ـ دایانا داوبتڤاید، وەرگێڕانی: ئەژی گۆران، ١٩٨٢، بەغدا.

٣ـ-بەرەو ئاســتانەی ڕۆمـــان و گۆشـــەنیگاکان، عەبـــدوللّا سەڕاج، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧.

٤ـ ژانـی گەل، ئیبـراهیم ئەحـمەد، دەزگـای چـاپ و پەخشـی ئاراس،٢٠١٠.

٥ـ شار، حوسێن عارف، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس.

٦ـ هێلانە، حوسێن عارف، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس.

# ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا،

# ساڵانی (١٩٢٥- ١٩٣٩)

## چیرۆک چییە؟

گێڕانەوەی سەرگورشتەیەکە، بە شێوەیەکی هونەری و ڕەچاوکردنی باری جوانیناسی و هەروەها چینینی تۆکمەی زمان، لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆک بۆخۆی گەمەیەکی هونەری فیکشناڵێتییە.

هۆکاری پتەوبوونی لایەنی هونەری و بەرزکردنەوەی ڕادەی چێژ و دوورکەوتنەوە لە سادەکاریی، دەگەڕێتەوە بۆ بەکارخستنی ڕەگەز و ئیشکردن لە چیرۆکدا. ئاخنینی بەشێکی زۆر لە ڕەگەزەکان لە چیرۆکێکی کورتدا، کارێکی دژوارە و مەرجدارنییە، واتە مەرجێکی لەو شێوەیەی بەکارهێنانی فرەیی ڕەگەزەکان، چیرۆکێکی نموونەیی لێ بەرهەم بێت.

بە پێچەوانەوە، وەک نموونە دەکرێت لە ڕێگەی بەرکەڵکیی (ڕەگەزی تەنز)ـەوە، نایابترین و چێژبەخشترین چیرۆک بنووسرێتەوە. بەکارخستنی کۆڕەگەزێک پێدەچێت هێنانەدی پیشەسازیبوونی چیرۆک بهێنێتە ئاراوە. مەبەست

لە پیشەسازیبوونی دەق، زۆرکردن لە خەیاڵ و فەرهەنگی نووسین و وشە، چیرۆکێک بنووسرێت زۆرتر خاوەن شێوەیەکی دەستکرد بێت وەک لەوەی سروشتیی بێت، ئەوکات لە خوێندنەوەیدا کەشێکی بێزارکەر بۆ وەرگر دەڕەخسێنێت.

چیرۆک ئەزموونی ژیاندنە لە دۆخی واقیعیدا، هاوکات ئەزموونی خەیاڵاندنی نووسەریشە، چیرۆکنووس ڕۆڵی گێڕەرەوەی لە تۆمارکاردنیدا هەیە. لێرەوە، دەتوانین بنووسین چیرۆکنووس دەلاقەیەکی ئەفلاتوونی وەردەگرێت لە خولقاندنەوەی دنیای دووەم.

«چیرۆک هەوڵ و جۆرە کارکردنێکی ڕژد و تایبەتە لە زماندا، تیایدا زمان لە بەهرە و بنەڕەتییە/ ئاچەڵییە ڕووتەکەیەوە دەگۆێزرێتەوە بۆ خزمەتکاری مەبەستە مرۆییە گەورەکان.»[٦]

[٦]. ئیبراهیم سالەح، هەڵوەستەیەک لە بەردەم چیرۆکە قورئانییەکان، چاپخانەی بەغدا، ١٩٩٨.

مەبەست لێرەدا پێچەوانەی گوتەی پۆل ڤالێرییە، کە دەڵێت: «ئەدەب، بریتییە لە دروستکردنی زمان لەزماندا.»[٧]

«بونیادی چیرۆکە قورئانییەکان لە ٣٠% قورئانی گرتووەتەوە.»[٨] دەقی چیرۆکە قورئانییەکان جیاوازییەکی بەرچاویان لە دەقی چیرۆکە هونەرییەکان هەیە، هەرچەندە لە ڕوانگەی شیکاری دەقەوە تەماشای چیرۆکە قورئانییەکان بکەین، ئەوا بۆخۆیان بێبەری نین لە بە هونەریبوونی چیرۆک، بەڵام ئەوەیان جیاوازییەکە زەق دەکاتەوە لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا، ئەوەیە چیرۆکە قورئانییەکان جەخت لەسەر ڕاستی و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و ئامۆژگاری و وانەی پەروەردەیی و گێڕانەوەی مێژووی دێرین دەکەنەوە، بە بەراورد بە چیرۆکی هونەریی، کە تەواو پێچەوانەی کارنامەی ئەو ڕەوتەیە. ((ان هذا لهو القصص الحق.)) [٩] واتە: (بەڕاستی ئەمانە چیرۆکی ڕاستین.)

---

٧. حەسەن جاف، چیرۆکی نوێی کوردیی، چاپخانەی بەغدا، ١٩٨٥.

٨. ئیبراهیم ساڵەح، سەرچاوەی پێشوو...

٩. پەڕتووکی قورئان، لا٣١.

ئەم ئاماژەیە جەخت لەسەر درووستیبوونی چیرۆکە قورئانییەکان دەکاتەوە، کە ئامانج تێیدا وشیاربوونەوە و پەیامپێدانی خەڵکە. بۆ ئەوەی لێرەدا خاڵی کۆتایی لەسەر باسەکە دابنێین دەنووسین: چیرۆک مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەفسانەکان چیرۆککگەلێکی هەڵبەستراوی مرۆڤە بەراییەکانن لە بەرانبەر گەردووندا، واتە دیدگای ئەوکاتەیە لەمەڕ ژیانی سەر زەوی و ناو گەردوون.

جیاوازی نێوانی چیرۆک و سینەما لەوەدایە، کە چیرۆک پێشەوەی بهزرێت لە هەوڵدایە بگێڕێتەوە، گێڕانەوە دەکاتە چەق، ئەوەیتری کە لەدوای خۆیەوە دێت ڕەگەزەکانیترە، بەڵام سینەما پڕۆسەیەکی پەیامگەیەنەرە، کار لەسەر بیر و سۆز دەکات، هەندێک جار پێش مەودا بەخشینیش دەکەوێت، دێتە یادگەوە، ناخکۆڵە و هەورژمبەرە، کردەیەکی داگیرکەرانەشە.

سینەما، شەیداییەکی گشتی دەبەخشێت بە مرۆڤ، جیا لە وێنەی شێوەیی نەبزاو، هەربۆیە سینەما ئیدیۆمێکی سیحراوی مرۆڤە. ئەوەی لە سینەما خورد دەبێتەوە فیلمە، جیاکاری نێوان سینەما و هەرشتێکی تر لە ژێستبوونیدایە. فیلم بۆخۆی دابەش دەبێت بەسەر دووکەرتی ماناییدا، ئەویش گوزارەی کۆمیدی و تراژیدیبوونە. بەهۆی ئەوەی فیلم کار لەسەر بابەت دەکات، لەوانە مەسەلەی هەژاری، جەنگ، ئیرۆتیکا، ستاتیکای سروشت، هیچگەرایی ژیان، فەزای کۆمەڵگە، لایەنی دەروونزانی مرۆڤ، ئینسان وەک بابەتی هەبوون، ئەمانە و چەندین بابەتی دیکە هەن خوێنی ناو دەماری فیلمن؛ کەواتە ئەم نمایانەی باسکران بۆخۆیان زادەی شیعرییەتن، واتە بەتاڵ نین لە شیعرگەرایی.

**سینەمای هالیوود،** شوناسی سیاسەتەکانی ئەمریکایە، هالیوود وەکوو تاقیگەیەک وایە بۆ نما هەمەلایەنەکانی ئامریکا. هۆلیوود جیا لە سینەمای بالیوودی هیندی، ئەو سینەمایەیە، خاوەن ناسنامەیەکی ئایدۆلۆژی سیاسییە لەپاڵ هەر لایەک و ناسنامەیەکی لاوەکی دیکەدا. هۆلیوود چ لە لایەنی فکری و سیاسی چ لە لایەنی بە کاڵاکردنی ئایدیای بە ماکدۆناڵدیزەی ئەمریکاییەوە بێت شوناس پێدەری ئامریکاییبوونە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژهەڵات و لەناویشیاندا سینەمای میسری هەڵبژێرین و پەراوێزی لەسەر بدەین، ئەوا ڕوونە خاوەن پاشخانێکی سەرکەوتوو و دەوڵەمەندە.

بەراییەکانی سینەمای میسری زۆر لە سینەمای باڵیوود دەچێت، لە زۆربەی گرتەکاندا شیعرییەتی ئاهەنگسازی و لیریکیانە دەبریسکێتەوە، بەڵام تا بەرەو سەرەوە هەڵکشێت بەشێکی فیلمەکان خەسڵەتێکی بازاڕیانە بەخۆیەوە دەلکێنێت، ئەویش بەتایبەت پاش سێ دەیەی هەفتا و هەشتا و نەوەدەکان، گوڕی سینەمای میسری خاوتر دەبێتەوە بە بەراورد بەو سێ دەیەیە. جگە لەوە، ئەگەر ئاماژە بە سینەمای پارادیسۆ بدەین، زیاتر بابەتەکە بەرەو پێشەوە دەبەین. سینەمای ناوبراو سینەمایەکی ئیتاڵییە، لە ڕووی بابەتییەوە بڕوانین ئەمجۆرە لە سینەما هەم لە ڕووکار و هەمیش لە ناواخندا، فرە پڕ شیعرییەتە؛ پاشان عەشقێکی گەورە دەبەخشێتە مرۆڤ بەرانبەر بە فیلم، مرۆڤ پڕ دەکات لە چرکەی دڵڕفێن و دڵتەزێنی شیعرییەت. بۆیە لە ڕووی تەکنیکیشەوە سەرکەوتووە و خاوەن ناسنامەی دیاریکراوی خۆیەتی، بە جودا لەو خەسڵەتەی کە لە هاڵیوود بەر چاومان دەکەوێت.

ئەگەر سینەمای کوردی وەربگرین، هێشتا نەیتوانیوە خاوەنی شوناسنامەیەکی تۆکمە و دامەزراوی خۆی بێت، واتە تا ئێستا مەڵۆتکەیە و قۆناغی دنیابینینی خۆی پیادە نەکردووە. بە یارمەتی دارایی و بە دەزگاییکردنی سینەما و پڕکردنەوەی سەرجەم کەلێنەکان، دەتوانین وەکوو کورد ببینە خاوەن مۆرکی سینەمایی خۆمان.

## پێناسەیەکی گشتیی ناونیشان:

ناونیشان ڕەگەزێکی گرنگی ئەدەبییە و لە یەکەم بەریەککەوتنەوە ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە؛ هەروەها بۆ ناساندنی دەق کەرەستەیەکی پێویستە. هەردەقێک وەک بونیادێکی زمانیی خاوەنی ناونیشانێکە، دەق دەبێت ناونیشانێکی هەبێت تا بناسرێتەوە. دەق موڵکە و ناونیشان خاوەنێتی، هەردەقێک ناونیشانی نەبوو، بۆ لاوازی خەیاڵی نووسەر یان سەرپشککردنی خوێنەر لە بەردەم هەڵبژاردنی ناو بۆ دەقدا دەگەڕێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێت هەموو دەقێک ناوێکی هەبێت.

## «ناونیشـــان یارمەتیـــدەری دەرخســـتنی ئاســـتی سیمانتیکییە:»[10]

ئەرکــی ناونیشـــان ئاشــکراکردنی بەشـــە نادیارەکـــانی نـــاوەڕۆکی دەقە، چـونکە لەکـاتی خوێنـدنەوەی هەرکتێبێکـدا، ناونیشان دەسپێکی باسەکەیە و لەوێوە بۆ نـاو دەق دەچین. بـۆیە هەر نەخوێنـدنەوەیەک بـۆ ناونیشـانی دەق، پرۆســەی خوێنـدنەوەکە لاواز دەکەوێـتەوە؛ چـونکە دەکرێـت بەهـۆی پـاراوی ناونیشـانەوە، زۆرجـار ئـاڵۆزی دەقمـان بـۆ ڕوون بێـتەوە. ناونیشـــان فـــرە کـــایەیە، بـــۆ نمـــوونە: (مێژوویـــی، جیۆگرافی، زانستی، ئەدەبی...) هەریەکە خاوەن جیاوازییەکی تایبەتکارین و شرۆڤەی جودا وەردەگرن.

ناونیشـــانی ئەدەبـــی بارگـــاوییە بە خەیـــاڵ و ســـۆز و وێنەسازی، بەڵام ناونیشانی زانستی بە زۆری داماڵراوە لەو خەسڵەتانە؛ چونکە داینەمۆی زانست، عەقڵە. ئەدەب زۆرتر

---

[10]. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە، سەرچاوەی پێشوو...

پرۆسەکەی لە ڕێگەی ئەندێشەسازییەوەیە و لە زانست کەمتر ئاوەزمەندترە. دەشێت ئەدەب سوود لە کەرەستەی عەقڵیی وەربگرێت، بەڵام ناکرێت زانست بەرژەوەندی لە سۆز و خەیاڵی ئەدەبی وەربگرێت. دوو چەمکی وەک (خەیاڵی زانستی و خەیاڵی وێژەیی) جیاوازن و هەردووکیان خاوەن خەسڵەتی تایبەتی خۆیانن. لەبەر ئەوەی زانست مەعریفەیە و ئەدەب خەیاڵە و کەمتر بەرژەوەندی لە کۆزانیاریی وەردەگرێت. ئەگەر پێوانەی زانست لە ئەدەبدا بەرزکرایەوە، ئەوە دەبێتە ئەدەبێکی فێرکاری. سەرەنجام جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ئەم دوو کایەدا، لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا هەیە.

برنادشۆ، دەڵێت: «خەیاڵکردن بەهێزترە لە مەعریفە، چونکە بەنێو ڕابردوو و داهاتوودا دەتگێڕێت، لەکاتێکدا مەعریفە تەنیا لەزانیارییەکانی ڕابردووەوە سەرچاوە دەگرێت.»[11]

---

[11]. ئیبراهیم فەقێ، و: سەروەر حەسەن، کۆنترۆڵی هەستەکانت بکە، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٩.

## ناونیشان، لەقۆناغی ساڵانی (١٩٢٥-١٩٣٩)دا:

مـرۆڤ بـۆ ئەوەی بـژی و داهێنـان بکـات دەبێـت بیـر بکـاتەوە، گەردوون لە گەورەییـدا، هێمایەکـە بـۆ پرۆسـەی هزراندن. مرۆڤ بە هۆکاری ڕامان لەتەنە دەرەهەستەکانەوە، وایکردووە هەمیشە هەوڵی گەڕان بەدوای گوزارەکانی ژیاندا بـدات. هەر داهێنراوێـک پێویسـتی بە ناوێـک هەبـووە بـۆ ناسـینەوە و دواجـار گوزارشـت لێکردنـی. لە ڕەهەنـدی ئـاینییەوە، خـودا کە بـوونەوەری ئافرانـد، نـاوی بـۆ دەستنیشانکرد.

لە ڕوانگەی ئاینەوە، مرۆڤ کە دابەزێنرایە سـەر زەوی، نـاوە گشـتییەکانی فێرکرابـوو. پاشـان دەسـتی بە ژیـانکرد و هەوڵیدا کەرەستەی نویّ بۆ پێداویستی ژیـان دابهێنێت، هەر داهێنانێکیش پێویستی بە ناوێک هەبوو، بەمەش کەرەستەکان بـوونە خـاوەن ناونیشـان. مـرۆڤ ئەودەمەی وەچەی لەسـەر زەوی درووسـت کـرد، بیـری لەوە کـردەوە بـۆ ناسـینەوەی یەکتر ناو دابهێنێت. ناونانەکان جیاوازن، کۆمەڵێک مـرۆڤ لە ڕەهەنـدی دینیـیەوە نـاو بـۆ منـداڵەکانی دادەنێـت، هەشـن لە دەرەوەی بازنەی ئاینییەوە ناوەکان دادەنێت.

له ئایینی (ئاگاماهەندا) کاتێک منداڵەکان لەدایک دەبن بۆ ماوەی سەدوپێنج ڕۆژ مۆڵکی پەرستگان و ناویشیان بۆ دانانرێت، تاوەکوو ماوەی خەڵوەتە ئاسمانییەکە تەواو دەبێت، ئەوکات منداڵەکە دەبێتە هی دایکی و ناوی بۆ دادەنرێت. له ئایینی ئیسلامدا هاتووە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات ناوی باش لە منداڵەکان بنێن. جیاوازی لە پرۆسەی ناونان لە نێوان ئایینەکاندا هەیە، هەریەکە بەپێی بیروباوەڕەکەی ناو دادەنێت، وەک دەکرێت هەندێک ناو لە ئایینی مەسیحییدا ئاسایی بێت، بەڵام بۆ ئایینێکی دیکە نەشیاو بێت، ئەمەش بەشێکی بۆ کاریگەری ژینگە و بەشێکی تری بۆ بیروباوەڕەکە دەگەڕێتەوە. لە قورئاندا ئاماژەیەک بە ناودانان هاتووە؛ ((وعلم ادم الاسما كلها))[١٢] واتە: (ئادەممان فێری هەموو ناوەکان کرد.)

لێرەوە، «دەبینین سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ ئەوە، کە دەبێت ناوەکان بزانین تاوەکوو لە ماناکانیان حاڵی بین، گەر

---

[١٢]. پەڕتووکی قورئان، لا٣١.

فێری مانایەک بووی بێ ناوەکەی هەر خێرا لە یادی دەکەیت، چونکە ناونیشانی نییە.»[١٣]

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە هەموو ناوکێک بەرگێکی پێویستە، واتە پەیوەستەیەکی بەهێز لە نێوان ناونیشان و ناوەڕۆکدا هەیە، بەمشێوە بۆمان دەردەکەوێت ناونیشان تەواوکەری دەق و ناوەڕۆکە.

قۆناغی ١٩٢٥ _-١٩٣٩؛ چیرۆکنووسەکان چوارن (( «جەمیل سائیب، ئەحمەد موختار جاف، پیرەمێرد، محەمەد عەلی کوردی.»[١٤]

بەپێی هەندێک بۆچوون دەربارەی دیاریکردنی قۆناغی یەکەمین چیرۆکی هونەریی، ساڵی (١٩٢٥) دەستنیشان دەکەن، کە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیبە، بە سەرەتایترین چیرۆکی هونەریی کوردی دادەنرێت. بەکارهێنانی دەستەواژەی هونەریبوونی چیرۆکی لە خەوما بەوپێیە نییە لە ئاستێکی باشی هونەریدا بووبێت، بەڵکوو

---

[١٣]. ئیبراهیم فەقێ، و: سەروەر حەسەن، کۆنترۆڵی هەستەکانت بکە، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٩.

[١٤]. حوسێن عارف، چیرۆکی هونەریی کوردی (١٩٢٥-١٩٦٠)، چاپخانەی بەغدا، ١٩٧٧.

ئەوەیە، کە تـا ئاسـتێک لە کەشـی هونەریبـوونی چیرۆکـی ئەدەبییەوە نزیکبووەتەوە. چیرۆکەکە لەسـەر پەیڕەوبەندیی ڕێبـازی ڕیـالیزمی ڕەخنەگـرانە بنیـاتنراوە، بەومانـایەی چیرۆکەکە بنەمایەکی واقیعی هەیە.

ناونیشـانی چیـرۆکەکە (کـپە) و لە لایەنـی هـونەرییەوە پێشـکەوتوو نیـیە، ئەم دەربـڕاوە سـەرزارەکییە و هەمـوو مـرۆیەک ئەم دەربـڕینە بەردەوام بەکـار دەهێنێـت؛ بەڵام تاڕادەیەکی لـە بـەرچاو ئامـانجی دەقەکەی پێکـاوە. لە خەوما، لە گرێیەکـی پێشـناوی (ئامرازێک+ناوێک+ڕاناوێـک) بونیـادنراوە، ئەم نـاوە لە حەوت پیـت پێکهـاتووە، ئەگەر ڕەچـاوی بـاری ڕێزمـانی بکـرایە، دەبـوو بە هەشـت پیـت بنووسرابا.

(مەسـەلەی ویـژدان، یـان: چـۆن بـووم بەخـانەدان،) چیرۆکێکـی هـونەرییە و لە سـاڵانی (١٩٢٧ _-١٩٢٨) نووسراوە. لە دیاریکردنی زاراوەی چیرۆکدا دکتۆر ئیحسان فوئاد، بە (سەرگوزشتە) ناوی دەبات، ئەویش بەهۆی چڕی ناوەڕۆکی دەربڕاوەکە، لەکاتێکدا دەشتوانین بە کورتە ڕۆمان ناوزەندی بکەین.

مەسـەلەی ویـژدان، یـان: چـۆن بـووم بەخـانەدان؛ ناونیشـانێکی لەبـارکراوە، لە ڕەخـنەی ئەدەبـی ئینگلیزیـدا بە (سـەبتایتڵ) ناودەبرێـت. ناونیشـانی لەبـارکراو ئەو نـاوەیە ناونیشـانێکی سـەرەکی لە پێشـەوە دەنووسـرێت، لەگەڵ ناونیشـانێکی لاوەکـی، کە لە پاشـکۆدا بـۆ ڕوونکـردنەوەی واژەکـانی سـەرەوە دێـت، یـان دەربڕاوێکـی نـیمچە ئـازادە و هەڵگـری گـوزارەیەکی سـەربەخۆیە. ناونیشـانی چیـرۆکەکە لەسـەر ئاسـتی ئـابووریکردنی وشـەوە درێـژە، بـۆ خـوێنەر گـرانە لەیەککاتـدا ناونیشـانەکە بڵێـتەوە، جـگە لەوەش ناونیشانێکی کەتوارییە.

ڕۆڵـی پیرەمێـرد لە بـواری چیرۆکـدا دوو تێکسـتە، بەرهەمی یەکەم: (ئاواتی دڵ-گەشتێ بەسـەر باڵی پەڕەندەی خەیاڵەوە؛) دووەمین: بەرهەمی (دوانزە سـوارەی مەریوان)ـە. ئەم دوو چیرۆکە لە ساڵی (**١٩٣٢ _-١٩٣٣**)دا نووسـراوە و لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاو کراوەتەوە.

یەکەم چیرۆکـــی تۆمـــارکراوی پیرەمێـــرد، (ئـــاواتی دڵ گەشـــتیَ بەســـــەر پەڕەنـــدەی خەیـــاڵەوە؛) ناونیشـــانێکی لەبـــــارکراوە، بەڵام لە ڕووی ئـــــابووریکردنی وشـــــەوە ناونیشـــانێکی درێـــژ و خەرجـــکەرە. لە ڕووی پـــاراوی وشـــەکانەوە، تـــا ئاســـتێکی بـــاش ســـەرکەوتووە و واژەکـــان کوردییەکی زۆر پەتین.

چیرۆکـــی (دوانـــزە ســـوارەی مەریـــوان؛) زۆرتـــر ناونیشانێکی فۆلکلۆرییە و گێڕانەوەی بەسەرهاتی داستانێکە و بە بارێکی واقیعیدا دەڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا ناونیشانێکی ژمارەییە و بەکاربراوی ژمارەی تێدایە و سەرکەوتووە.

محەمەد عەلی کوردییش، یەکێکبووە لە نووسەرەکانی کـــۆڕی چیرۆکنووســـین، دووبەرهەمـــی هەیە، یەکەمینیـــان: (دوای سەرخۆشـــی زۆر سەرشـــێتییە؛) ئەم چیـــرۆکە ســـاڵی (١٩٣٤) بڵاویکـــردووەتەوە، ناونیشـــانەکەی کتومـــت لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا یەکانگیرە، چونکە باس لە خێزانێک دەکات، کە پیـــاوی ژنەکە هەمیشـــــە مەســـــتە و هاوســـــەرەکەی فەرامۆشکردووە. شەوێک پیاوەکە بە مەستی دەگەڕێتەوە و دەخەوێـــت و بەیـــانییەکەی بە ئاگـــادێتەوە تەماشـــا دەکـــات ژنەکەی مردووە، لەوێوە ئیتر بە یەکجاری شێت دەبێت.

ئەگەر ورد بڕوانین، دەبینین ناونیشـان و نـاوەڕۆکەکەی وەکـوو ئەڵـقەی زنجیـر لەنـاو یەکـدان و بە هەردوو لایـانەوە پەیــامی چیرۆکەکەیــان گەیانــدووە. لە ڕووی هــونەرییەوە ناونیشانی دەقەکە ناوێکی لاوازە و ئیشی تێدا نەکراوە.

دووەمیان: ڕۆمـانی (نـازدار یـان ژنـی کـورد لە لادێ؛) بە هـۆی ئەوەی تەوەری باســەکەمان لەســەر چیرۆکبـوو، بـۆیە خۆمان لە باسکردنی دەبوێرین.

دوا خــاڵ، ناونیشــانی دەق هەرچەنــد هەســتبزوێن و خەیـاڵپەروەر و بیرکـار و وردەکـارانە بێـت، ئاسـوودەیی بە خـوێنەری دەق و جوانکـاری و ماناسـازیی دەق دەبەخشـێت. ئەم قۆنــاغەی بەر باســماندا لە چیرۆکــی کــوردی، گــرنگە ڕەچـاوی زەمەنـی نووسـینیان بکرێـت؛ سـەرەڕای ئەوەش لە کـایەی ناودانـان، کـاری پێویسـتیش کـراوە. لەگەڵ ئەوەشـدا، هەسـت بە سـادەکارییەک هەر دەکـرێ و لەوێـدا بەشـێکی بـۆ سادەیی خەیاڵدانی دەقیش دەگەڕێتەوە.

# ناوچەی ناونیشان

# جەمال غەمبار و سێ سەرنجی خێرا

## سەرنجی یەکەم:

ناونیشـــان ڕەگەزێکـــی گـــرنگە و بە تەواوکەری دەق دادەنرێـت، بـۆیە هەمـوو شـتێکی سـەر زەوی پێویسـتی بە ناولێنـانە. ئەگەر ناوەکـان نەبن پەیڕەوبەنـدی دنیـاش بەڕێوە ناچێت، هیچ داهێنراوێک نییە بەبێ ناونیشان. ناونان مۆرکێکە شـتەکانی دەوروبەر نـاتوانن دەسـتبەرداری بـبن، کەواتە ئەم پرۆسـەیە دیاردەیەکە لە بەراییەکانی درووستبوونی مـرۆڤەوە هەیە، هـاوڕێ لەگەڵیـدا تـاوەکوو مـرۆڤ بەردەوام بێـت و بەرەو پێشـەوە بڕوات ناونیشانیش لەگەڵیدا هەڵدەکشێت.

(ناو لای من بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە، بەشێکی زۆر گەورەی نووسین لە ناودا کۆ دەبێتەوە، ناو کلیلی ئیشـەکانە.) «بەختیار عەلی/ ڕۆژنامەی هاووڵاتی.» دیـارە ئەوە ئاشـکرایە لە دەقـی زینـدوودا، ناونیشـان ڕۆڵـی کلیـل دەبینێـت بـۆ کردنەوەی دەقەکە و شۆڕبوونەوە بۆ ئاستە نادیارەکانی.

تەنـــانەت بۆچـــوونی لەو جـــۆرەش هەیە، کە پێیـــوایە: ((ناونیشـان مانـا و پرسـیار و جیهـانبینی دەقەکە لەخۆیـدا کۆ دەکاتەوە.))[15]

بەمپێـیە لە بۆچـوونی یەکەمـدا، ناونیشـــان تەوەرێکـی گرنگی دەق و لە هەمانکاتیشدا چڕکراوێکی زمـانیی دەقەکەیە و دەوری دەروازەی چـــوونە نـــاوەوەی پانتـــایی دەقەکە دەگێڕێت. لە بۆچوونی دووەمدا، مەرجی کلیلبوونی ناونیشـان لە زینــدووبوونی دەقەکەدایە، چــونکە دەق زینــدوو نەبــوو ناونیشانیش هیچ مانایەک لەخۆیدا هەڵناگرێت بۆ ڕاڤەکردن و دۆزینـەوەی پەنهانییەکـانی پشـتەوەی دەق؛ چـونکە ناونیشـان سەرچاوەی جیهانبینی و پرسیار و درکەخوازی دەقە. ناونان خـاوەن مێژوویەکـی دێـرینە، هـیچ شـتێک نەبـووە و نیـیە لە بازنەی ناونان خۆی قوتار بکات.

---

[15]. گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکـی کـوردی، عەتـا قەرەدغـی، چ١، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

((ئەگەر سەرنجی چەمکی ناو بدەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە ناو لەگەڵ دەرکەوتنی مێژووی مرۆڤدا پەیدابووە و پێش مێژووی تۆمارکراوی مرۆڤ، ناو بوونی نەبووە، ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی، کە لەپێش مێژووی زانراوی مرۆڤدا هیچ شتێک لەم گەردوونە پێناسەی نەبووە.))[١٦]

لێرەوە، بۆمان دەردەکەوێت چەمکی ناونان پاشگرێکی ناچارییە و وەکوو پێداویستییەکی سەرەکی دەبینرێت و لەسەرمان پێویست دەکات بیخەینە بەرنامەی ژیانمانەوە.

ناونیشان، ڕۆڵێکی باشی لە پێکهێنانی دەقدا هەیە، بینینی ناونیشانێکی جوان و نەخوێندنەوەی دەقەکە دەبێتە گرێ لای خوێنەر، بۆیە خوێنەر ناچار دەکات لە دەرفەتێکدا بگەڕێتەوە سەری و کێومالّی دەقەکە بکات، بە بەراورد لەگەڵ ناونیشانەکەیدا.

---

[١٦]. فانتازیای گەڕانەوە، خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکی کوردی، عەتا قەرەداغی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

ئەمەش ئەوەمان پیشان دەدات، کە هەمیشە ناونیشان ڕۆڵی سەرەکی لە خوێندنەوەی دەقدا هەیە. ناونیشانی ناسەرنجڕاکێش وەکوو خودی ئەو بەکتریا زیانبەخشە وایە، کە ڕێگرە لە بەردەم گەشەکردنی درەخت و میوەکان. ناونیشانی ناسەرنجڕاکێش لەو درەختە بەر نەخۆشە دەچێت، کە پێکهاتەیەکی زیانبەخشە بۆ دەق و دەنگی دەقەکە کپ دەکات.

ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت دەقێک ناونیشانەکەی جوان و ئیستاتیک بوو، بەڵام ناوەڕۆکەکەی لاواز، ئیتر ئەو دەقە زوو دەڕواتە ناو خوێنەرەوە و دەبێتە جێگەی سەرنج. ئەمە زۆر لە ڕاستیەوە دوورە، بەڵکوو ئەو دەقانە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ ئەوەی ناونیشانەکەی سەرنجڕاکێشە، بە هەمانشێوەش ناوەڕۆکی دەقەکەش لە ئاستێکی بەرزدابێت. بەمشێوەیە دەقەکە تووشی هیچ جۆرە لاوازییەک نایەت و زۆر بەزوویی خانەکانی مێشکی خوێنەر دەگرێتەوە. ئەگەر بمانەوێت لە ناوەڕۆکی پەڕتووکێک تێبگەین، دەتوانین هەر لە نیگای ناونیشانەکانەوە چەمکێک لە مەبەستی دەقەکان بخەینەڕوو. بۆ نموونە: کاتێک پەڕتووکە شیعرێک سەرنجمان ڕادەکێشێت، بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکەکەی چەمکێک

تێـبگەین، دەتـوانین تەنیـا لە ڕێـگەی ئامـاژەی ناوەکـانییەوە تێگەیشـتنمان بۆ بەشـێک لە نـاوەڕۆکی دەقەکـان هەبێت، لەو کاتەدا ناونیشان گرنگترین ڕۆڵی هەیە لە گەیاندنی مەبەستی دەقـدا، لێـرەدا ناونیشـان ئەرکـی زۆر گەورەی لە بونیـادی دەقـدا هەیە، چـونکە ناونیشـان دووربینـی مەودا دوورەکـانی دەقە.

ڕەگەزی ناونیشان لە دەقەکانی جەمال غەمباردا، گرنگی زۆری لەپـاڵ دەقـدا پێـدراوە، وەکـوو دوانەیەکـی لەیەکتـر دانەبـڕاو تەماشـکراوە، لەگەڵ بایەخـدان بە دەق ناونیشـانیش فەرامـۆش نەکـراوە. بێگومـان داهێنـان لە بـواری ناونیشـاندا هاوتایە لەگەڵ داهێنان لەناو پرۆسەی دەقدا.

بە خوێنـدنەوەی دیـوانەکە و کێومـاڵکردنی، دەردەکەوێت بەشـــێک لە ناونیشـــانەکانی دەچـــنە خـــانەی ناونیشـــانی سـوریالییەوە. هەڵـبەت ناونیشـانی سـوریالی لە سـادەترین پێناســـەدا، بـــریتییە لە ئـــاوەژووکردنەوەی ژیریـــی واقیـــع، ئەمجۆرە ناونیشـانانەش خـاوەن تایبەتمەندی خۆیـانن، ئەگەر بەپێـی پێویســت لە دەقــدا بەکــار بــرا، ئەوە دەبێــتە هــۆی جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەقەکە و لە هەمانکاتیشدا هەڵگری گومان و وەشاندنی تۆوی پرسیارە لە پشت دەقەوە.

ئەم دیوانە لە چوار کتێب پێکهاتووە، بە ناوەکانی (ڕووبارێک بە قەڵەمی خۆی!_ با هەمیشە لەوێ بین لای عیشق_ پاڕانەوە لە ئاو_ مەنفاکان لێرەوە دەست پێدەکەن.) ئەم ناونیشانانە زۆر ئیستاتیکین و هەڵگری شرۆڤەی زۆرن لە بونیادی ناوەڕۆکی دەقەکاندا.

ناونیشانی (ڕووبارێک بە قەڵەمی خۆی!) مەبەست لە خودی شاعیر خۆیەتی، کە هێمایە بۆ بەردەوامی پڕۆسەی نووسین، کە هەمیشە لە جووڵەدایە. واتە پڕۆسەی شیعر نووسین لای شاعیر لە نەبڕاندایە و هەمیشە بەردەوامە (هەمیشە با لەوێ بین لای عیشق،) ناوێکی سەرنجڕاکێشە و ڕستەیەکی ئاوازدارە، بەڵام گرفتەکەی لەوەدایە بونیادەکەی درێژە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئاستەنگ بۆ خوێنەر. گوزارەکەی هێمایە بۆ نەمربوونی عیشق، واتە شاعیر داوا دەکات با لەوێ لای عیشقی هەرمان ببین.

(پاڕانەوە لە ئاو،) ئەم ناونیشانە یەکێکە لە ناونیشانە کورتبڕ و جوانەکانی ناو دیوانەکە، هێمایە بۆ داواکردن لە پاکی، ڕۆشنایی، چاکە، یاخود کۆچکردن لە ڕێگەی ئاو و پاڕانەوە لە ئاو بۆ ئەوەی گیانی پارێزراو بێت.

(مەنفاكان لێرەوە دەست پێدەكەن،) ئەم ناونیشانە تۆوی گومـانی بە خـاكی دەقـدا وەشـاندووە، وا لە خـوێنەر دەكـات بپرسێت: ئایا مەنفاكـان تـاراوگە نـین خـودی نیشـتمانن؟ ئایـا دەكرێت مرۆڤی هاونیشتمان لە ماڵی خۆیدا بێت و بە خـودی دووروبەرەكەش نامۆ بێت؟ ئایا چی وا لە تاكگەراكان دەكـات هەسـت بە تـاراوگەبوونی نیشـتمان بـكەن؟ بەڵام لای شـاعیر خودی مەنفا ئێرەیە، واتە نیشتمان، پاشـان لە نیشـتمانەوە بۆ تـاراوگە. سـەبارەت بەم ناونیشـانە، نـاوێكی جـوان و چێـژ بەخـش و سەرنجڕاكێشــە و خــوێنەر زوو وەریــدەگرێت و پرســیاری لا گەڵاڵە دەبێــت. جەمــال غەمبــار، لە پەڕتــووكە شـیعری (مەنفاكـان لێـرەوە دەسـت پێدەكەن)ـدا، لە هەنـدێك شوێندا ئاوڕی لە ناونیشانی پەتی داوەتەوە.

ناونیشــانی پەتــی: بــریتییە لەو نــاوانەی، كە هەڵگــری بیرێكــی ڕووتــن و لە وشــەیەك پێكــدێت، كە واتــای تەواو نابەخشن.

ئەمانەش چەمکێکن لەو ناوانە (زەلکاو، سەراب، ناتانیَ، خەرابات...) ئەمانە و لە چەندین شوێنیتردا لەمجۆرە ناوانە دەبینین. ئەمجۆرە ناوانە ئەگەر زەمینەی بۆ خۆش نەکەین، ئەوا ناسەرنجڕاکێش دەبن و چێژ بە خوێنەر نابەخشن. وەک تێبینی دەکرێت (جەمال غەمبار) سنووری وشەنامەی شیعریی، چ بۆ ناونیشان و چ بۆ دەق قەتیس کردووە، زۆرتر وشەی ناو وشەنامەی شیعرییەت، بەتایبەت ئەو وشانەی، کە هێزێکی بەهێزی شیعرییان تێدایە بەکار هێناوە، بەمەش مەودا بۆ وشەنامەی دەرەکی تەسک دەبێتەوە و ئەو وشانەی کە بەردەوام پات دەبنەوە، چێژێکی کەم دەبەخشن و دەبنە مایەی بێزاری بۆ خوێنەر. لە هەندێک دەقدا لە خوارەوەی ناونیشانەکە، دێڕە شیعرێکی مەحوی یان نالی یان هەر شاعیرێکی تر دانراوە، هەندێکجاریش لەژێر ناونیشانەکەدا دەنووسرێت: پێشکەشە بە کەسێک، ئیتر شاعیر بێت یان نووسەر یاخود کەسێکی ئاسایی، کە ئەمەش جوانی بە ناونیشانەکە دەدات، چونکە دەکرێت لە ڕێگەی ئەو ئاماژە بچووکەی لەژێر ناونیشانەکەوە، لە مانای ناواخنی دەقەکە بگەین، ئەمەش هەم یارمەتیدەرە و دەشتوانین ناوی

بنێین: ناونیشـانی ئامـاژە. بە کـورتی: دەوری ڕوونکـردنەوەی ناونیشـانی سـەرەکی دەگێڕێت، بە هەمـان شـێوە بۆ دەقـیش ئەم ڕۆڵە دەبینێت؛ بەڵام سـەرنج بدەین بە ئاسـانی ئەوەمـان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیر خووی هەڵبژاردنی ناونیشـانی درێـژی هەیە و زۆربەی دەقەکـانی لە هەرچـوار پەڕتـووکە شـیعرییەکەیدا (دیـوان،) ناونیشـانەکانی درێـژن و خـوێنەر ناتوانێـت بە ئاسـانی وەریبگرێـت، کە ئەمەش بە گرفتێکـی سـەرەکی لە هەڵبژاردنـی ناونیشـاندا دادەنرێـت. لەگەڵ ئەوەشـدا، زۆربەی ناونیشـانەکانی جـوانن و لەگەڵ ماناکـانی دەق دەچنە پێشەوە، یاخود تا ئاستێک ڕێنماییەکە بۆ ناسینی مەبەستی دەق. هەنـدێک ناونیشـان هەن تەنیـا بۆ داچڵەکنـین بەهـۆی جۆرێـک لە ڕازانـدنەوەی هـونەرییەوە دەکرێـت ناوزەنـدبکرێت بە ناونیشـانی فێڵـی چـاو و عەقـڵ؛ ئەو جـۆرە فـێڵە لە درووسـتکردنی ناونیشـاندا، تەنیـا بـۆ برەوپێـدانی دەقەکە و لە هەمانکاتیشدا بازرگانی کردن بە دەقەوەیە.

هەندێ جـار نووسـەر بەهـۆی ئاڵۆزی بیرۆکەی دەقەوە، ڕایەڵـی ناونیشـان و دەق ون دەکـات، ناتوانرێت پـۆلێنی ئەو دەقانە بکرێتە لیستی دەقی بێ ناونیشانەوە، یاخود ناونیشانی هەڵخەڵەتێنەرەوە، چـونکە ئـاڵۆزی بیـرەکە مەودای ناونیشـان تەسک دەکاتەوە.

کەواتە دەگەیـــنە ئەو ئەنجـــامەی، ڕوودەدات بەهـــۆی ئاڵۆزی و فرە ڕەهەندی زەمینەی ناوەڕۆکەوە، هەندێ جار لە هەنـدێ شـوێندا جـڵەوی دەق لەژێـر دەسـت ناونیشـان دەربچێت، ئەمە تا ئاستێک ئاسابییە؛ بەڵام ئەگەر فێڵی چاو و عەقڵ بکەین لە دانانی ناونیشاندا، ئەو گرفتە هەم بۆ نووسـەر هەمیش بۆ دەق دەهێنێتە ئاراوە! لە ئاکامدا ئـەوەی ڕوون بۆوە، ناونیشـان لای جەمال غەمبار جۆرێک لە قۆناغبەندی بەخۆیەوە بینیوە.

هەروەها، وشـەکانی (باران، خودا، موسـافیر، نیشـتمان، عیشـق، ئـاو، پـاییز، دڵ، گـۆرانی،) لە دیـوانەکەدا بەردەوامـی هەیە، چ لە بـۆتەی ناونیشـــاندا و چ لە درێــژەی دەربرینـــی چامەکانـــدا. ئەمجـــۆرە وشـــانە لای دلاوەر قەرەداغیـــیش ئامادەییان هەیە، دواجار هۆکاری ئەمەش هەر تاراوگەبوونە. لە کاتێکدا ئەم وشانە پردی پەڕینەوەی ناشیعرییەت نین بۆ شیعرییەت. سەرنجێکی تر ئەوەیە، وەک لە پێشتر باسمکرد، ناونیشـانەکان درێـژن و لە هەندێکاتـدا گرفـت بـۆ خـوێنەر دەنێتەوە و هەرسـکردنی کەمێک ئەرکدارە؛ بەڵام سـەرەڕای ئەمانەش ناونیشـانەکانی هونەرین و کەچی نەخشەسـازی لە دانانیدا نەکراوە و هەڵگری ڕاڤەی فرە ڕەهەندن و جێگەی لەسەر وەستانن.

## سەرنجی دووەم:

جەمـــال غەمبـــار، شـــاعیری دەیەی هەشـــتاکانە و لەو ســـەردەمەوە لە بـــواری شیعرنووســـیندا دەکردێنێـــت. لەو قۆناغەشـدا، ململانییەکـی سـەخت لە نێـوان کۆنەخـوازان و تازەخوازاندا هەبووە. شیعر بەردەوام بەرەو پێشەوە چووە و قۆناغی تازەی بە دەست هێناوە. وەک بەدی دەکرێت ئەو سـەردەمە هێشـتا بـانگەوازی ڕەچـاوی بە کـوردی پەتـی نووسـین لە بـوارە ئەدەبییەکـان بەتـایبەتی شـیعر لە پێشـتر ڕاگەیەنرابوو، کە بە کۆڵەکەیەکی نوێگەری هەژمـار دەکـرا، بەڵام هێشـتا شـاعیران و نووسـەرانمان بە تەواوەتـی زاڵ نەببـوون بەسـەر ئەو مەرجە ئەدەبیـیەدا و نووسـینەکانیان یەکجـارەکی لە وشـەی بێگـانە پاکتـاو نەکردبـوو، بەتـایبەت هێشتا بە تەواوەتی لەشی دەقەکانیان لەژێر سێبەری دیواری عەرەبانـدن دەرنەهێنـابوو، تەنـانەت تـا ئێسـتا ئەم دیـاردە بە ڕەنگیتـر درێـژ دەبێـتەوە. بـۆ ئەمەش ڕێزمـان و فەرهەنگـی وشەی دەقەکان، نووسینەکان گەواهیدەرن. ئەگەر تەماشـای نووسراوی بیستەکان (١٩٢٠) تاوەکوو شەستەکان بکەین، چ لە نووسراوە ئەدەبییەکان و چ نووسراوە حوکوومییەکان، کە دەبینیین بە ڕێژەیەکی زۆر زمانی کوردی لە وشەی عەرەبی

ئاخێنرابوو. لێرەدا، دێمەوە سەر تەوەری باسەکەم، ئەویش بەکارهێنانی وشەی عەرەبی لە دەیەی پاش تازەگەری کوردیدا، یانی دوای دوو جارِی تازەگەری، هێشتا ئەم دیاردەیە بەدی دەکەین. جەمال غەمبار، بەکارهێنانی وشەی عەرەبی وەکوو دیاردە لێکردووە لە دەقەکان بە گشتی و تا ڕادەیەک لە ناونیشانەکانیدا، کە ڕاستییەکەی لە هەندێ شوێندا زۆر بە شێوەیەکی کەم سوودی بە بونیادی دەقەکە گەیاندووە، وەلێ لە زۆربەی شوێنەکاندا بووەتە مایەی زیان گەیاندن بە دەقەکە.

ئەمەش هەندێک لەو وشانە: (مەوج، غەرق، تەحەمول، ئینتیزار، حەرف، ڕەسم، سەحرا، جوملە، مەخلوقات، سەعات، فەسڵ، موبارەک.) بەکارهێنانی ئەم وشانە و زۆریتر لە دیوانەکەدا، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە یاخود شاعیر شارەزاییەکی پتەوی لە زمان و ڕێزمانی کوردیدا نییە، یان کەم خوێندنەوەی سەرچاوە کوردییە باشەکانە، یاخود نرخپێدانی ئەو وشانەیە بەسەر وشەکانی زمانی دایکدا، یان لاوازی وشەنامەی شیعرییە، یان زۆر قاڵبوونە بە سەرچاوە بیانییەکانەوە. دەبێت ئەوەش سەربار بخەم، هاوکات ئەگەر وشە کوردییەکان بهاتبا، ئەوا جوانتر و پڕ ئاوازتر دەبوون.

لە دەقەکـانی جەمـاڵ غەمبـاردا، چەمکـی نـاو زۆر بەدی دەکرێت، ئەویش ناوی شـوێن، لەوانە: ( تـانجەڕۆ، دەرگەزێن، پیرمەسـوور، مەڵکەنـدی، تـووی مەلیـک، کانیسـکان، گـوێژە، شـام، هەولێـر، قامیشـلی، سـەرچنار، سـەیوان، ئاوەسـپی، گەرمیان، هەڵەبجە، شـارەزوور، کـانی فریشـتە، بـاخی گشـتی، سەرکارێز.)

ناوهێنـان وەکـوو دیـاردەیەکی گەورەی لێهـاتووە لەنـاو دەقەکانی جەماڵ غەمباردا، بەکاربردنی ناو لە پێویستی دەقدا نەک باشـە، بەڵکـوو زۆریـش سـوود بە دەق دەگەیەنێت. ئەم دیـاردەیە لە چیرۆکـدا بە زەقـی کـاری لەسـەر دەکرێـت و بنچینەیەکـی پـتەوی چیـرۆکە؛ بەڵام بـۆ شـیعر کەمتـر دەردەکەوێت، یاخود کاڵتر لە تابلۆی شیعردا ئامادەیی هەیە.

لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەگەر لەشـیعردا، ئەم دیـاردەیە زۆر زەقکـرایەوە، پێمـوایە بەشـێک لە نەمـری لە دەقەکەدا لاواز دەکـات، بەتـایبەت ئەگەر هـاتوو هونەرکـاری تێـدا ڕەچاونەکرابێت. بەهەرحـاڵ، زۆر بەکـاربردنی نـاوی شـوێن، جۆرێـک بەرتەسـکی و ئاشـکرایی بە دەق دەبەخشـێت و چێـدەکات. لە لایەکـی تـرەوە، دیـاردەی ناوهێنـانی مـرۆڤ

بەردەوامییەکی زۆری پێدراوە لە دەقەکانی جەماڵ غەمباردا. من دیسان پێموایە بەکاربردنی ناوی مرۆڤ وەکوو ناوی شوێن ئاساییە، بەپێی ڕێژەی گونجاو لەگەڵ دەقەکەدا، بەڵام بە ڕێژەی زۆر هات، ئەوا زیانی زۆرتری لە سوود بۆ دەقەکە هەیە. لە لاپەڕە (٢١١)دا، لە شیعری (بەشێک لە ئێوارانی ئیمراتۆر)دا، دوو وشەی هاوواتا هاتووە، کە یەکێکیان سەربارە، ئەویش وشەکانی (بەڵەد، شارەزایە.)

لە پانتایی دەقەکاندا وشەی (شیعر، خەزان، پاییز، شەڕاب) زۆر بەکار هاتووە، ئەمەش پێدەچێت جۆرێک لە هەستی بێزاری لای خوێنەر درووست بکات. لە هەندێ شوێندا، سێبەری (ئەکسێنت، ناوچەیی) لە دەقەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش لە چەند وشەیەکدا، کە ڕاستییەکەی ئەمە جگە لە زیان هیچی تری بۆ دەق نییە.

وشەی (ئەبەدی) هاتووە، کە دەکرا بنووسرێت (هەرمان،) کە هاوواتان و ئەگەر لە وشەی ئەبەدی جوانتر نەبێت، بە دڵنیاییەوە لە ئاستیدایە. هەروەها، وشەی (بوزورگ) وشەیەکی فارسییە و وا باش بوو وشەی (گەورە) بەکار هاتبا. یەکێکی تر لەو وشانەی تێبینیم کرد، ئەویش وشەی (پەژمووردە) بوو، کە پێموایە وشەی (ژاکاو) زۆر جوانتر دەبوو بەکار هاتبا.

## سەرنجی سێیەم:

شیعر پەیامی کۆمەڵانە، هەموو پەیامەکانی تر خراونەتە خزمەتی مرۆڤەوە، ئەو ئەرکەی دەبێت شیعر لە ئەستۆی بگرێت، ئەرکی ئایینی یان فەلسەفی، یاخود کۆمەڵایەتی... نییە، بەڵکوو هەریەکێک لەو ئەرکانە بخرێتە خزمەتی شیعرەوە. پاشان شیعریش وەک ئەرکێک لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت و جارێکی دیکەش وەک دەقی پەتی دوور لە ئەرکی سەپێنراو بمێنێتەوە. ئەمە مانای ئەوە نییە شیعر بێ خزمەت پێیشان بدرێت، بەڵکوو ڕەتکردنەوەی بارگاویکردنێتی بە ئایدۆلۆژیا.

شیعر ئەو کاتەی کۆڵەپشتەی ئەرکە فرە ڕەهەندییەکان لە کۆڵ دەنێت، پێویستە ڕەچاوی لایەنە هونەرییەکان بکات، ئەگینا وەکوو شیعر لەنگیی تێدەکەوێت. بە گشتی دەقی شیعری بریتیخواز نییە.

ئەوە (سیاســەت _ ئایدۆلۆژیا)ـــیە، تەڵە بــۆ مـــرۆڤ دادەنێــت و ئەدەب دێــت پــووچەڵی دەكــاتەوە، بــۆیە لایەنە دزێوەكەی سیاسـەت ئەوەیە، ئەگەر بچینە نـاو مـاڵی، دەبێت پـاڵتۆی ویـژدان و هەسـتمان لەبەر دابكەنـین و پاشـان پێیـدا گــوزەر بكەیــن. ئەمەیە وا دەكــات سیاســەت و ئەدەب دوو بــوونەوەری نــامۆبن بە یەكتــر. ئەگەر سیاســەتێک هــزری بەڕێوەبردن و پاكسازی بەرنامەی كرداری بـوو، سـەرەڕای ئەوەش هەرچەندە سیاسەت بەشێک لە مەینەتییەكانی مـرۆڤ لاببات، لەهەمانكاتدا ناتوانێت لە بەختەوەری دڵنیـای بكـاتەوە. بەشـــێک لە ئەركـــی ئەدەبـــیش بێـــداركردنەوەی مرۆڤـــە لە مەینەتییەكـان، یـاخود پاراسـتنی لە جەنگـی كەتـوارە. دەبێـت ئەوەش بـــــزانین، ئەگەر ناخۆشــــیی و چەڵەمە لە شــــیعر دەربهێنــین، شــتێكی وا بــۆ خۆشــییەكان نــامێنێتەوە. جەمـال غەمبــار، لێــرەدا جەخــت لەســـەر ڕۆژژمێــری ئازارەكـــان دەكاتەوە، باس لە كولاندنەوەی گیانە ئازاراوییەكان دەكات.

كاپتن تۆ جوگرافیای گریان بەڵەدنیت،
تۆ زەمەنی فرمێسک ناخوێنیتەوە،
تێناگەیت... ئەو دەمەی پیاو ئەگری، كەون چ خەلەلێكی تێدایە!
كاپتن تۆ زەنگیانەی تەنیاییت
بە گەردنی چ ڕۆژێكی خۆتەوە نەبینیوە!

هەرنووســەرێک مەعــریفەی ئــازاری نەبێــت، ناتوانێــت نووســـینێک بەرهەمبهێنێــت، گەواهیــدەری ڕۆژگــار بێــت. مەعـریفەی ئـازار مەرج نیـیە دەقێـک بنووسـێتەوە پێکهـاتەی ئازاربێت و دوور لە هەر تررووسکانەوەیەک، بەڵکوو بـوونی مەعـریفەی ئـازار تیگەیشـتنە لە خۆدوانـدنی ژیـان. هەمـوو ئـازارێکیش نـاچێتە خـانەی هۆشـمەندی ئـازارەوە، کە ئەویـش مەعریفەی ئازار بە واتای تێگەیشتنی مرۆڤە لە هەمبەر ژیـان، چـونکە هەرئازارێـک درکـی ژیـان نەبـوو، واتە چێبـوونی ئـازارێکی بێبنەمـا، بێبنەمـابوونی ئـازاریش تێگەیشـتنی هەڵەیە لە واتــای ئــازار. شــاعیر، بە دەســت ئــازاری تەنیــاییەوە لە ســـەرگەردانییەکی ســـەختدا دەژی و پێمـــان ڕادەگەیەنێـــت گریـانی مرۆڤێـک گـوزارەی کێشــەیەکە لە گەردوونـدا، واتـا مـــرۆڤ ناکرێـــت تـــاوەکوو ئازارێـــک کە ســـەرچاوەکەی کێشـەیەکە نەیبزوێنێت، بـۆیە ڕوو دەکـاتە کـاپتن و دەبێژێـت: ئەگەر مرۆڤ گەیشتە ئەوەی جوگرافیای گریان شارەزا بێت، ئیتــر لە چییەتــی ئــازار تێــدەگات و دەزانێــت حەقــیقەت چ ئازارێکە مرۆڤ تێیدا دەژی.

بمناسنەوە،
ئەوکاتەی لە پشت زەریاکانەوە
بە گۆرانییەکی وەک دڵی خۆم شکاوەوە،
بە جەنتایەکی بارانەوە خۆم بە ماڵی دڵتا ئەکەم؛
بمناسنەوە.

شیعری (لەپشت زەریاکانەوە: گۆرانییەکی شکاو وەک دڵی من!)

ئەم شیعرە، باس لە تاراوگەبوونی ژیانی تاکگەریی شاعیر دەکات، لە کۆپلەکانی ئەم دەقە، جگە لە ڕەشکردنی ژیان هیچ درەوشانەوەیەک نادۆزینەوە. هەربۆیە ژیاننامە و ئەو ژیانەی نووسەر تیایدا دەژی، کاریگەری زۆری لەسەر ئێستا و داهاتووی بەرهەمەکانییەوە هەبووە، چونکە بیۆگرافیا وەکوو سوتەمەنی دەبێتە بزوێنەری بیرکردنەوەی نووسەر و دەرەنجام بە هەستەگەلی باش یاخود خراپ کۆتایی پیدێت.

ئەمەش پەیوەنــــدی بە ژیاننـــــامەی کەســــێتیەوەیە، سەرەنجام بەهۆی ئەو داهاتەی، کە لە ڕابردوودا دەستکەوت بــووە، ئەگەر خــراپ بێــت، ئەوا بەرهەمەکــانیش بەخۆکــاری دەلاقەیەکــی تاریــک وەردەگرێــت؛ بە پێچەوانەشــەوە، ئەگەر بــاش بــوو، ئەوا بەرهەمەکــانیش ڕوانینێکــی بــاش و گەش ســەبارەت بە شــمەک و دنیابینینەکــانی ژیــنگە وەردەگرێــت، وەک لەم خشتەیە هاتووە:

| | |
|---|---|
| ژیاننامە | |
| بیرکردنەوە | هەستکردن |
| باش ـــــــخراپ | |

لەم دێڕانەدا، شــاعیر دەیەوێت ئەوەمــان بۆ ڕابگەیەنێت، کە ئەزمــوونی ژیــانی جــگە لە نــامۆیی و خەفەت هیچــی تــر

نەبووە، کە ئەمەش لە هەگبەی هەست و نەستیدا پەنگی خواردووەتەوە، داوا لە بەرانبەرەکەی دەکات ئەوکاتەی لە سەفەر دەگەڕێتەوە با بیناسێتەوە، چونکە ژیان و ڕۆژگاری ناخۆش چرچییان خستووەتە دەموچاوییەوە و مووەکانی سپی کردووە و لە ناخەوە دایڕووخاندووە. نووسینی شیعر بە دوو فلتەردا دەڕوات: یەکەمیان، بە فلتەری نەستیی؛ دووەمیان، بە وردبوونەوەی هەستیی دەنووسرێت. هەردوو ڕێگەکە گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە؛ بەڵام باشترینیان بە ڕێگەی نەست نووسینەکەیە. هەڵبەت ئەم دێڕانەی شیعر (لە پشت زەریاکانەوە: گۆرانییەکی شکاو وەک دڵی من) بە فلتەری نەستیدا هاتووەتە بەرهەم، بۆیە ڕەنگدانەوەی لە خودی شاعیر و لە خوێنەرانیشەوە نزیکە. ئەو شیعرانەی گشتێنراون زووتر لە هەستەکانی خەڵک بەگشتی و خوێنەر بەتایبەتی نزیک دەبێتەوە، بە پێچەوانەی شیعرە تایبەتێنراوەکان. نموونەش بۆ تایبەتینراو وەک دەقی پرسە و پیاهەڵدان.

((تەمەنم لە دەرەوەی ژیان
هەڵخستبوو بمناسنەوە.))

ئەمە چ ئـــازارێکە تەمەنـــی شـــاعیر فرێـــداوەتە دەرەوەی ژیـــان! مـــرۆڤ ئەگەر گەیشـــتە کرۆکـــی بەهێـــزی، ئیتـــر بەشـــێوەیەکی سروشـــتی دەتوانێـــت هێزەکـــان بە ئاراســـتەی خۆیدا ببات، هەرهێزێکی نەرێنیش ئاراستەی هات، توانای زاڵدەســـتبوونی بەســـەریدا دەبێـــت، چـــونکە کەســـایەتییەکی کرۆکداری بەهێزی پێشینەی هەبووە. گرنگترین شت بۆ مرۆڤ ئەوەیە وزەیەکی بەهێز لە دەروونیدا دروست بکات، واتە بونیادنانی سەنگەرێکی پۆڵاین، ئیتر لەوێوە دەتوانێت دەستڕێژی هەر بارگرژییەکی دەروونی، یان کۆمەڵایەتی تاد.. بکات. لە درێژەی دەربڕینی دێڕەکاندا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، شاعیر تاراوگەبوونی ئازارێکی گەورەیە بە کۆڵییەوە و بۆی داناگیرێت. هیچ شتێکیش ناتوانێت ئەم ئازارە و نامۆییەی لە بەرۆک بکاتەوە، تەنیا نووسینەوەی نەبێت، کە حەوشەی هەڵڕشتنی خەمەکانییەتی. شاعیر، تەمەنێکی لە دەرەوەی ژیان هەڵخستووە، ئەو پێیوایە ژیان لە نیشتماندا

به شایســـتەترە، وەک لەوەی لە تـــاراوگەدا هەرچەنـــدە لە شـــیعری (بەدەم مەنفـــای ژیـــانەوە، بـــارانێکی هەمیشـــە موسافیر)ــدا، گەڕانەوە بـۆ زێـد وەکـوو خەفەتێکـی گەورە دەخەملێنێت، هەر وەک خەمـی تـاراوگە وێنـای دەکـات. بەڵام لەم شـیعرەدا دەیەوێت بگەڕێتەوە، بەڵام چ گەڕانەوەیەک، کە پڕە لە ئازار لە تەنیایی لە نامۆیی لە تێکشکان.

ئەو دەمەی دەڵێن پیاوێک دێ،
لە باشوورەوە هەڵدەکات
دەستەکانی پڕپڕن لە هەوری جەفاو،
لە غیابی پێکەنیندا
بۆ مێژووی گریان دەگەڕێ.

گرژییەکـانی سـەدەی تـازە، مرۆڤـی تووشـی پەتـایەکی سەخت کردووە، تاکەکان بە جۆرێک گیرۆدە بوون، هەروەک لە زۆنگاوێکدا بـن و سـات دوای سـات بەرەو نغرۆیـی بچـن. ئەمەش پێویسـتی بە هێـزێکە بـۆ بەرزکردنەوەیـان، ئایـا ئەو هێزە، کە ڕایەڵی دەربازبوونی لەگەڵدایە چییە؟

بۆ ئەمەش سەرچاوەی باوەڕی تاکەکان دیاریی دەکات. ســـەرباری ئەوەش گـــرفتەکە لەوەدایە مـــرۆڤ ڕۆحـــی

دۆڕاندووە و ئەوەش وایکردووە دەروونی پەرت ببێت و نەتوانێت ئاسوودەیی ژیان دابین بکات، چونکە گێژاوێکی سەخت لە هەبوونیدا دروستبووە. شاعیر، ئەوەشمان بۆ ڕادەگەیەنێت: لە گەڕانەوەیدا بە دڵێکی شکاوەوە بە نائومیدی و ڕەشبینییەکی تەواوەوە دێتەوە، کە دەستەکانی پڕن لە هەوری جەفا و لە نائامادەیی پێکەنیندا بۆ لاپەڕە تەڕەکانی مێژووی گریان دەگەڕێتەوە.

## ژێدەر:

* دیوانی جەمال غەمبار، **١٩٩٧ _–٢٠١٠**، جەمال غەمبار، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٠

## هێڵی ناونیشان: دەق و پاش دەق؛

## گەڕانێک بە دنیای شیعریی (تەیب جەبار)دا.

## یەکەم سەرەتا:

## نووسین سێکس کردنە بە شاراوەیی.

نووسین پڕۆساندنی دەقە، دەقیش یارییەکی ئایرۆنییە لەگەڵ زمان. کرداری نووسین فڕێدانی تۆپەڵەیەک لە پیت و وشە و ڕستە و بەتاڵکردنەوەیەکی کێوییانەی خود نییە. ئەگەر بەشێک لە خۆخاڵیکردنەوەش بێت، ئەوا بە شێوە ڕەوتێکی بارگاوییە بە کۆزانین. نووسینی ڕاستەقینە گەڕانێکی قوولە بۆ گەیشتن بە فیکر و دۆزینەوەی گۆشەنیگاکان و خۆداماڵینە لە چەقین و بەستوویی.

نووسین بەگژداچوونەوەی مەرگە ڕوووەو نەمری، لەززەتی نووسین ئەو ڕۆچوونەیە بە پنتە نادیارەکاندا، تەنیا بکەرە لەو ساتەدا هەست دەکات، ڕێک وەک ئەنجامدانی سێکس. لەپاڵ هەر چەشە وەرگرتنێکدا لە نووسین، تاقیکردنەوەیەکە. قووڵاییی نووسین خۆهاویژتنێکی میتافۆریانەیە بەبێ هارنس.

ئەو دەمەی دەگەینە ڕاستەقینەیی نووسین، کە بە تونێلی سەرچڵییەکاندا تێپەڕ ببین، کەواتە یەکسان دەبینەوە بەوەی نووسین بۆخۆی سەرچڵییە بە زمان. ساڵانی حەفتاکان، یەکەم وێستگەی شیعریی (تەیب جەبار) بوو، ئەو سەردەمە لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجی هۆشیار بە واقیعی سیاسی و هەڵاوسانی قەیرانی کولتووریی، زیاتر ئاشنای فەلسەفە و ئەدەبیات دەبێت و لەبیری بوونخوازی نزیک دەبێتەوە. ئەمە وا دەکات وەک هزر بکەوێتە تۆڕی بوونگەراییەوە، بەڵام ئەگەر ورد ببینەوە لە ئەدەبیاتی شاعیر، بە گشتی ئەو کاریگەرییە بوونخوازییە بە بەراورد کەمتر دەردەکەوێت و نا ڕوونە.

لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی دەقنووسیندا لای شاعیر، بوونگەرایی زۆرتر وەک فەلسەفەی ژیان دەردەکەوێت، نەوەک پرۆسەی نووسین.

هێشتا ئەو هزرە لە نووسینی شاعیرانەیدا بە کەمیش فۆرمی بەخۆیەوە نەگرتبوو.

چەمکـــی (خـــودا) لە چامەشـــیعری (ئەو ڕۆژەی مـــن دەمرم)ـــدا، وێنانـــدنێکی میتـــافیزیکییە و بەرەو گـــۆڕینی وێنەســـازیی هەنگـاوی نەهاویشـتووە. لەو دەقەدا، چەمکـی (خـودا) کـاریگەرە بە ڕێکـاری ئـاییینییەوە، تـاوەکوو وەزیـفە ئەدەبییەکـەی. خـودای شـیعریی (تەیـب جەبـار) لەو دەقەی نـاوبراودا، خـودایەکی ماتریـاڵ و نـاو زەوینـی نیـیە، بەڵکـوو پەروەردگارێکی ئاییینیی شێوە نەگۆڕاوە.

دوو جـۆر (مـن) لە دەقەکـانی (تەیـب جەبـار)ـدا هەسـت پێـــدەکرێت، ئەوەی پەیوەنـــدی بە ســـەرەتاکانی شـــیعر نووسـینییەوە هەبێـت، نمـوونە بـۆ ئەوەشـمان (لاوانـدنەوەی خۆڵەمێش)ـــە، پتـــر (من)ـــێکی کـــۆگەرای نەتەوەیـــی بە ڕووخسـاری دەقەکـانەوە زاڵە؛ بەڵام، کە دەگـاتە (ئەو ڕۆژەی من دەمرم)، ئیتر بەکاوەخۆ ڕێچکەی ڕۆیشتنی چەمکی (مـن) پێچ بەلای (منێکی سەربەخۆدا) دەکاتەوە.

(من)ـی شـیعریی قۆنـاغی حەفتاکـانی تەیـب، (من)ـێکی شۆڕشـگێڕە وەک لەوەی (من)ـێکی بیـرکەرەوە بێت، ئەمەش بەهـۆی بـارودۆخی فەزای سیاسـی ئەو دەیەیەوەیە. سـاڵانی حەفتاکان، ڕۆژگاری قوربانیدانی بەشێک لە شیعرییەت بوو، لەپێناوی سەربەستی نەتەوەیەکدا. شیعر لەو ماوەیەدا لەپاڵ

خەباتی چەکەوە، بە فەرمی دووەم ناسنامەی بەرگریکردن بوو لە شوناسی کورد وەک نەتەوەیەکی زوڵملێکراو، ئیتر بۆیە (من)ـی ئەو قۆناغە شیعرییە چێوەدراو بەو کەشە ئاگراوییە، (من)ێکی یاخی و خەباتکاری لێ دەردەچێت، زیاتر لەوەی (من)ێکی مەعریفی بێت. (من)ێکی دەستەکۆمەڵ دروست دەکات وەک لەوەی (من)ێکی تاکگەرا.

سەرەتاکانی دەستپێکردنی نووسینی شیعریی تەیب جەبار، بۆ قۆناغی حەفتاکان و سەرهەڵدانی نوێگەری لە شیعر و ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە، بۆیە یەکەم کۆمەڵە شیعری (لاواندنەوەی خۆڵەمێش) کە دەکاتە ئەو شیعرانەی کە لەو کتێبەدا نووسراون، زۆر بە ڕوونی کاریگەری بزاوتی (گرووپی کفری) بە گشتی و لەناویشیاندا *لەتیف هەڵمەت* بە دەقەکانەوە دیارە.

لە فەزای شیعریی (لاواندنەوەی خۆڵەمێش،) زۆربەی جار دەنگی شیعریی لەتیف هەڵمەتی تێدا دەبیسترێت.

بە گشتی لە دەقەکانی تەیب جەبباردا، بێ لە یەکەم کۆمەڵە شیعریی (لاواندنەوەی خۆڵەمێش،) جۆرە سوریالییەتێکی درامی دەبینین، کە بۆخۆی بە قازانجی دنیای شیعرگەرایی شاعیر کەوتووەتەوە.

دنیابینینی شیعریی تەیب، دنیابینینێکی مرۆڤانەیە، خاوەن ڕوانینێکی تایبەتە بە خەونبینین و بە بێگەردی دنیاوە.

## دووەم سەرەتا: بەهای ناونیشان

ناونیشــــان، پێکهـــاتەی دیـــواری دەقە، هەوڵـــێکە بـــۆ فراوانکردنـــــی ناســــاندنی ڕووبەری دەق. ئەو وشـــــانەی ناونیشان چێدەکەن، گرنگە پتر سـەر بەکێڵگە لێکسـیمییەکان بـن، تـاوەکوو کـێڵگە ڕێزمانییەکـان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت کـێڵگە لێکسـیمییەکان جیـا لە کـێڵگە ڕێزمانییەکـان وەکـوو بـــاخچەیەکی بژارکـــراو وایە، لە دڕک و داڵـــی کەرەســـتە و ئامرازە ناپێتڤەکان.

ئەو واژانەی لە دانانی ناونیشاندا بەکار دەهێنرێن باشـتر و بە بایەخترە، کورت و ئیستاتیکی و فانتازی بن. لەبـار نییە ناونیشـان بە تەواوی گەیەنەری مانـای بونیـادی دەقەکە بێت. هـــیچ مەرج نیـــیە تەواوی ئاماژەکـــانی دەق لە ســـەردێڕی تێکســـتەکەدا کـۆ بکـرێتەوە. بڕێـک لە نـاوەخنی ناونیشـــانی ئەدەبی لە تەمتومانیدا جوانە، بە جۆرە گرێیەکی شـێلگیرەوە

پەرژینی ماناکەی بەسترابێت. جگە لەوەش تا زۆرترین ڕادە دەبێت ناونیشان هونەری و سەرنجڕاکێش بێت، ئەمەش بە شارەزابوون لە ژێرخانی ئەدەبی و پاشخانی مەعریفییەوە بە چنگ دێت.

ناونیشان لای تەیب جەبار، بەسەر دوو جەمسەردا دابەش دەبێت؛

**جەمسەری یەکەمیان:** لەو دەقانەدا ورد دەبێتەوە، کە لە بازنە هزرییە شۆڕشگێڕی و یاخییەکەیدا دەستنیشان دەکرێت.

**جەمسەری دووەمیان:** ئەو دەقانەن، کە لەو هزرەی ناوبراو تێپەڕیوون. ناونیشان، *لە جەمسەری یەکەمدا:* زیاتر مەیلخوازی بەرەو هێماگەری دەشکێتەوە، ئەوەش بۆ هۆکاری کەش و هەوای ڕامیاری و ویژەیی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە. *لە جەمسەری دووەمدا:* ناونیشان هیچ گەشەیەکی بە بەراورد لەگەڵ جەمسەری یەکەمدا بەخۆیەوە نەبینیوە. ناونیشان لەجەمسەری دووەمدا، ڕیالیستە و کەمتر ڕووپۆشی هونەریی پێوە دیارە، ئەو خەسڵەتی نەشاردنەوەی لەشی ناونیشان وایکردووە، زۆربەی هەرە زۆری ناوەکان، کتوپڕ مانابەخش و هەواڵدەر بن، بە کەمترین ئارایشتی هونەرییبوونەوە.

هەرچەندە لە ڕووی فۆرمەوە تازەکارییان تێدا کراوە، بەڵام ئەگەر هاتبا ڕەچاوی هونەریبوونی زۆرتری تێدا کرابا، ئەودەم ئاستی ناونیشان لاسەنگ نەدەبوو. بە تەنیا فۆرم گشت مەرجی نوێخوازی نییە، بەڵکوو سەرجەم ڕەهەندەکانی دیکەش لە ئافراندنی پانتایی نوێگەریدا بەشدارن.

## سێیەم سەرەتا: هێزی زمان.

توخمی زمان کاراییەکی تەواوەتی بە دەق دەبەخشێت، (دەقی پڕ) ئەو دەقانەن بە داینەمۆی بەکارهێنانی ئەندازەیەکی ناوازەی زمانەوە فەراهەم دێن. شلی زمان ڕۆحی دەق دەکوژێت، زمان کۆڵەکەی سەرەکی دەقە. هەموو تازەگەرییەک لە زمانەوە سەرهەڵدەدات، بە گرخستنی زمان بە نیمچەیی، دڵی داهێنان دەمرێنێت. هەرچی بینای فۆرمە لە دەقدا، بە یارمەتی زمان بەدەست دێت.

دەق هەرچەند خاوەنی فۆرمێکی نوێ بێت، بەبێ زمانێکی بە گوڕ و تین، هێشتا ئەوە دەقێکی ناتەواوە بە پێوەری ماناکانی تازەگەری و داهێنان. شێواز هەموو شتێکی

دەق نییە، زمان ئەو وزەیەی لەناوخۆیدا هەیە، کە دەقێکی شێوەدار و لە هەمانکاتدا بە مانا بەرهەم بهێنێت، ئەمەش بە زمانێکی زیرەک و مەعریفی دەکرێت.

جوانی دەق لە زمانەکەیدایە، نەک بە تەنیا شێوازی بونیادیی، زمان و فۆرم پێکەوە دەرەنجامی دەقێکی سەرکەوتوون. زمانی شیعریی لای تەیب جەبار، تەواو لە ئاستی پێویستدایە، زمانێکی زیندووە و توانای بەرگەگرتن و خۆژیاندنەوەی هەیە و ئەرکی خۆی ڕاپەڕاندووە، ئەمە بەتایبەت بۆ هەردوو کۆمەڵە شیعری (ئەو ڕۆژەی من دەمرم، ئەو شیعرانەی ئاوڕ بۆ پێشەوە دەدەن.)

هەستی بەرپرسیارییەتی بە گڕخستنی زمان لای تەیب جەبار، بە کارلێکێکی پڕ شیعرێتەوە بەکار براوە. چامەشیعری (ئەو ڕۆژەی من دەمرم،) یەکێکە لە جوانترین دەقەکان بە گشتی و سەرنجراکێشترین دەق لە مێژووی تازەی ئەم ساڵانەی ئەدەبیاتی کوردی.

چەند نارێکییەکی زۆر چکۆلەی تەکنیکی لەم دەقەدا بەرچاو دەکەون، کە بەدەست خستنەسەری هیچ بەهایەک لە پێکهاتەی دەقەکە ناهێنێتەخوار. لە شوێنێکدا دەقەکە ئاوا هاتووە:

ئەو ڕۆژەی من دەمرم،
لە پێچی کۆڵانەکەماندا،
ئاو دەخلیسکێ و بە پشتا دەکەوێ.
دەست و پێی دەردەچێ.
ناتوانێ سەری بەرزکاتەوە،
ناتوانێ بجووڵێ.
چەند فیکە لێدەدا...
کەس فریای ناکەوێ،
دەست و پێی بهێنێتەوە جێ.

لێرەدا، پێویستی نەدەکرد (دەست پێی دەردەچێ)ـی هاتبا، لەبەر ئەوەی تاڕادەیەک لە سەرەتاوە بارکۆدی کۆپلەکەی شکاندووە، گرنگ نەبوو ئەو ئاماژە بهاتبا، چونکە خوێنەر لە کۆتایی کۆپلەکەدا بەری دەکەوت. هەروەها، ڕستەی (ناتوانێ سەری بەرز کاتەوە، ناتوانێ بجووڵێ،) لێرەدا شاعیر دەیتوانی ئاوا ئەم ڕستەیە ڕێک بخاتەوە (ناتوانێ سەری بەرزکاتەوە و بجووڵێ.) پێویستی بەوە نەدەبوو قەرزی وشەیەکی ناپێویست بکات، بەپێی ڕادەی پێویست ئەو وشەیە نەبووەتە هۆکاری چێکردنی جوانکاری.
لە کۆپلەیەکی تردا:

ئەو ڕۆژەی من دەمرم
ئاگر لە سەرمانا دەلەرزێ،
دێتە بەر دەرگای ماڵ، زمانی گۆ ناکا،
چاو دەگێڕێ، بەڵکوو
لە یەکێ بپرسێ:
بۆچی مرد!
بۆچی مرد!
پاشای عەرشی سەدەی بیستوسێ؟

هەست دەکەین ناوپۆشی ئەم کۆپلەیە پێویستی بەم ئامرازە لێکدەرە نەدەکرد، کە دەکاتە (بەڵکوو،) ئامرازەکان بە گشتی چڕی شیعر شی دەکەنەوە و هەندێ جار لە شیعربوونی دەخەن و بەرەو بازنەی پەخشان پەلکێشی دەکەن.

(ڕەشەبا لە شوێنی خۆی دەوەستێ
کزومات، بێ تاقەت
لەژێر ساباتی خۆڵ بارینا.)

لەم زەمینەدا، وشەی (بێ تاقەت) هیچ خستنەسەرێکی بۆ دەقەکە نییە، لەبەر ئەوەی (کزومات) خاسیێتێکە بۆ بێتاقەتی دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێکی کەم وشەی عەرەبی تێدایە، ئەگەر وشەی کوردیبان، هیچ زیانێکی بە چێژی دەقەکە نەدەگەیاند. بە کورتی، ئەم هەڵە بچووکە هونەرییانە هیچ نەبووەتە بارگرانی بەسەر دەقەکەوە.

لای شاعیر تەیب جەبار، بەتایبەتی لە هەردوو کۆمەڵە شیعری (ئەو ڕۆژەی من دەمرم، ئەو شیعرانەی ئاوڕ بۆ پیشەوە دەدەن،) دەقەکان خاوەن کێشێکی ناوەکین، کە خۆرسک و ڕەسەنانە هاتوونەتە دی. هەروەها، بەراژووکردنەوەی ژیربێژیی و کیمای وشە، ڕۆڵێکی یەکجار بەرچاویان لە بەرەو پێشبردنی دەقەکانی شاعیردا بینیوە، کە ئەمەش وایکردووە شێوەی تەرزە زمانێکی تایبەت بە مۆرکی تەیب جەبار بڕسکێت.

بارۆخ: بارودۆخ، زەمینە، زەوینە. وەک ت. ب: بەهۆی ئەوەی وشەی (بارودۆخ) وشەیەکی لێکدراوە بەیارمەتی ئامڕازی ناوبەند دروست بووە، بۆ ئاسانکاری لە شێوەی دەربڕیندا، وشەکەمان لەو بۆتەیە داتاشییەوە.

**سەرچاوە:**

* سەردەمانێ... تاریکی سپی بوو، تەیب جەبار، چ١، چاپخانەی پەنجەرە، ٢٠١٥.